ئەلعەفیف ئەلئەخزەر
سەڵاح عیسا و...

# توندڕەویی ئایینی
# لەجیهانێکی گۆڕاودا

وەرگێڕانی:
**حەسەن یاسین**

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی – ٢٠١٣

**ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

دامەزراوەیـەكی كەلتورییــە بــەپێی بڕیـاری كـۆنگرەی سـێی سـاڵی ٢٠١٠ ی یـەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بــەهاكانی دیموكراســیو مــافی مــرۆڤ و دادی كۆمەڵایــەتی لەكۆمەڵــدا، تــاوتوێ كردنــی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابین كردنی كەرەستەی پێویسـت بـۆ پێگەیانـدنی كـادیران لەبوارە هەمەجۆرەكاندا.

**توندڕەویی ئایینی لەجیهانێكی گۆڕاودا**

**ئەلعەفیف ئەلئەخزەر ــ سەلاح عیسا و...**

**وەرگێڕانی: حەسەن یاسین**

**بلاّوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیران**

**سلێمانی . ٢٠١٣**

**لەبەڕێوەبەرایـەتی گشـتی كتێبخانـە گشـتییەكان ژمـارەی (١٠١٣)ی سـاڵی ٢٠١٣ی پێدراوە**

**دیزاینو بەرگ: ئەمیرە عومەر**

**تیراژ: (٢٠٠٠) دانە**

**زنجیرە: ( ٤٩٧)**

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

سەرپەرشتیاری كتێب

**عوسمان حەمەڕەشید گورون**

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕ ........................................................ | ٥ |
| توندڕەویی ئیسلامی لەجیهانێکی گۆڕاودا ...................... | ٧ |
| سەلاّح عیسا: کێ دەڵێ بن لادن نوێنەری ئیسلامە؟! .......... | ١٠ |
| ئەلعەفیف ئەلئەخزەر: ئیسلامی سیاسی لەسەرەمەرگدایە .. | ٢٢ |
| تالّیبانە کوردەکان لەبەر پێوەندییان لەگەڵ ئەلقاعیدەو بەغدا، .............................................................. | ٣٤ |
| کازم ئەلحوت: ئەیمەن ئەلزەواهیری داوای لەسەدام کرد ببێتە ئەمیرولموئمنینو ............................................. | ٤٦ |
| چارەنووسی بن لادنو ئەلقاعیدە ................................ | ٦٠ |
| دیاردەی عەرەبە ئەفغانەکان ..................................... | ٧٢ |
| حەیدەر عەباس ئەلشەممەری لەنێو گروپی (پشتیوانی ئیسلام ـ پاك)دا،.................................................... | ٧٩ |

# پێشەکی

وەرگێڕان و ئامادەکردنی ئەم بابەتانەی کە لەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی (٢٠٠٢) تا سەرەتای نیسانی (٢٠٠٣)، کە ئەو کاتە سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانیی ڕۆژنامەی (تایم) بووم، کە بنکەی چاپەمەنیی تایم مانگی دووجار دەریدەکرد. ڕۆژنامەکە، کە لەسەرەتادا وەك گۆڤار دەردەچوو، لەسەرەتای نیسانی (٢٠٠٣)دا دوایین ژمارەی لێدەرچوو، کە بەسەریەکەوە (٤٢) ژمارەی لێ بڵاوبوەوە.

سەرجەم ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا بەیەکەوە کۆکراونەتەوەو ناوەڕۆکیان گوزارشت لەتاوتوێکردنی توندڕەویی ئایینی دەکەن لەسەردەمێکدا کە جیهان بەگشتی گۆڕانکاریی گەورەی بەخۆیەوە بینی، جەنگی سارد نەما.

دنیای دوو بلۆکی کە پێشتر ململانێیەکی توندی لەنێوان بلۆکی سۆڤێتو بلۆکی سەرمایەداری لێکەوتبوەوە، سەرەنجامەکەی بەهەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤێت کۆتایی هات.

هـەموو ئـەو بابەتانـەی لێـرەدا بڵاودەبنـەوە، ئـەوکات لـە رۆژنامـەی (تـایم)دا بـەناوی (لـەرین)ی کچـم بڵاومکردوونەتـەوە، ئەمـەش پێوەنـدی هـەبوو بـەوەی کـە لەرۆژنامەکـەدا بابـەتیتژم هـەبوو بـەناوی خۆمـەوەو نەدەکرا دوو بابەت بەناوی خۆم بڵاوبکەمەوە.

لـەم پێشـەکییەدا نەمویسـت هـیچ لـەبارەی تونـدڕەویی ئـاییینی، یـان تونـدڕەویی ئیسـلامییەوە بڵـێم، چـونکە پێشـتر لـەو بارەیـەوە وتـارێکم نووسـیوەو بەپێویسـتمزانی، دوای ئـەم پێشـەکییە، بیکـەم بەسـەرەتای کتێبەکە.

وەرگێر

# توندڕەویی ئیسلامی لەجیهانێکی گۆڕاودا

حەسەن یاسین

توندڕەوی لە هەموو بوارێکدا خراپە و پەتایەکی مەرگهێنە ئەگەر لەبەرگی بەرگریکردن لە (ناوەرۆکی راستەقینە)ی ئایینی ئیسلام یان هەر ئایینێکیتردا بێت. مرۆڤی توندڕەو، بەتایبەت توندڕەوێکی ئیسلامی، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ لە دوو لاوە مافی مافداران پێشێل دەکا. لەلایەکەوە خۆی لێدەبێت بەدادوەرو لەجیاتی خوای تەعالا بڕیار لەسەر هەڵسوکەوت یان بیرکردنەوەی مرۆڤ دەدات، لەلایەکیدیکەوە مافی هاوتوخمەکەی خۆی، کە مرۆڤە، پێشێل دەکات، لەوڕووەوە کە خۆی وەك دادوەر بەسەریدا دەسەپێنێ.

توندڕەوی لەبیرکردنەوەدا، توندڕەوی لەکار و هەڵسوکەوتدا، توندڕەوی لە زەوتکردنی مافێکدا کە هی خۆت نییەو خۆت لێدەبێت بەدادوەر بەسەر خەڵك، هەموو ئەمانە خراپن و پێچەوانەی ناوەڕۆکی ئایینی ئیسلامیشن.

وەك مرۆڤێكی موسڵمان كە پەتای توندڕەوی دەتگرێ خۆت لێدەبێت بە میراتگری ئیسلام و هەر موسڵمانێك، تەنانەت بەگشتی هەر مرۆڤێك، ئەگەر وەك تۆ بیرنەكاتەوە ئەوا دەبێ هەر لەسەر ئەم دنیایەدا، بەبێ چاوەڕێكردنی ئەودنیا، بەبێ ئەوەی تۆ وەك كابرایەكی توندڕەو چاوەڕێی رۆژی حەشر بكەی، بەبێ ئەوەی ماڤ ئەوە بە مرۆڤی بەرانبەرت رەوا ببینیت كە بچێتە بەر قاپیی رەحمەتی خودا و هەر لەلایەن خودای گەورەشەوە حەشر بكرێت، تۆ ، واتە تۆی مرۆڤە توندڕەوەكە خۆت لێدەبێت بە قازی و بڕیار لەسەر چارەنووسی كەسی بەرانبەرت دەدەیتو (قاپیی رەحمەتی خودای گەورە)ی لێدادەخەیت و وەك سزایەك لەسەر قسەیەك كە كردوویەتی، یان هەڵسوكەوتێك كە كردوویەتی، یان یان بیركردنەوەیەك كە بوویەتی، بڕیاری رەوانەكردنی بۆ دۆزەخ دەدەیت!

## ئیسلام دژی توندڕەوییە

رای جیاواز لەبارەی توندڕەوی لەئایینی ئیسلامدا هەیە. هەندێك پێیان وایە توندڕەوی لەخودی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە. هەنێكیدیكەش دەڵێن ئیسلام ئایینێكە هەموو ئاسانكارییەكی خستۆتە بەردەم مرۆڤەكان تا بتوانن بێگرێ ئەركە ئایینییە پەرستشەكانی خۆیان ( واتە ئەركە عیبادەتییەكان) رابپەڕێنن. هەندێكیدیكەش پێیانوایە ئیسلامییە توندڕەوكان بەهەڵە و بەو جۆرەی خۆیان دەیانەوێ

ئایەتـەکانی قورئـان راڤـە دەکـەن و بـەهیچ شـێوەیەك پشـت بـە تەفسـیرە موعتەبەرەکانی قورئان نابەستن، هەر ئەمەشە وایکردووە ئیسلامی ئەوان لە ئیسلامی موسڵمانان نەچێت و هـەر خـوای گـەورەیان یـەك بێـت و دوو ئایینی بە یەکتر نامۆ بن.

ئەوەی بە لای منەوە گرنگە ئەوەیە خوێنـەران ئـەوەیان لا رۆشـن بێـت کە ئیسلام ئایینێکە بـۆ ئاسـانکردنی ژیـانی مرۆڤـەکان، نـەك قورسـکردنی ئەرکەکانی سەرشـانیان. ئەمـە جگـە لـەوەی ئیسـلام بـە یەکچـاو، واتـە بـە یەکسانی تەماشای مرۆڤەکان دەکات و تەنیا (تەقوا)یـە لـە رۆژی حەشـردا دەبێتـە مایـەی جیـاوازی لـەنێوان مرۆڤەکانـدا، بۆیـە پێغەمبـەری ئیسـلام فەرموویەتی عەرەبێكو غەیرە عەرەبێك تەنیا بە تەقوا، واتـە بـە ئاسـتی عیبادەتکردن و نەکردنیان لەیەك جیادەکرێنەوە.

پرنسـیپەکانی ئیسـلام ئـەوەیان سـاغکردۆتەوە کـە نابـێ مرۆڤـەکان، تەنانەت پێغەمبەرانیشو لەنێویاندا پێغەمبـەری ئیسـلامیش، دادوەر بـن بەسەر کاروبار و رەوشتی خەڵکەوە. گوتاری قورئانیی پێغەمبەری ئیسـلام محەمـەدیش ئەگـەر بـە وردی دیقـەتی لێبـدرێ هـەمان ئـەو ئەنجامـەی لێهەڵدەگۆزرێ کە پێغەمبەر محەمەد خـۆی زۆری بـە لاوە مەبەسـت بـووە مـۆری (ئـەرکی سـزایی) نـەلکێنێ بـە ئەرکـە بنچـینەییەکەی خـۆی وەك پێغەمبـەرێك، کـە ئـەویش ئـەرکی گەیانـدنی پـەیامی خودایـە، هەڵبـەت ئەمەش لـەو ئایەتـەوە سەرچاوەی گرتـووە کـە خـوای گـەورە دەفـەرموێ: "لست علیهم بمسیطر".

نووسەرو رۆژنامەنووسی ناوداری میسری

# سەلاح عیسا:

# کێ دەڵێ بن لادن نوێنەری ئیسلامە؟!

**چاوپێکەوتنی: نادیە عەبدولعاتی**

نووسەرو رۆژنامەنووس سەلاح عیسا یەکێکە لەناوە دیارەکانی بواری رۆژنامەنووسیی عەرەبی لەمیسرداو پتر لەسی ساڵە لەو بوارەدا جێدەستی دیارەو لەبواری سیاسەتیشدا هەڵوێستی بەرچاوی هەبووەو لەنووسینەوەی مێژووی سیاسیی میسریشدا چەند کتێبێکی هەیە. نادیە عەبدولعاتی چاوپێکەوتنێکی سەبارەت بەڕاو سەرنجەکانی لەمەڕ بارودۆخی عەرەبو ئیسلامی سیاسیو شارستانیی عەرەبی لەدوای هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەرەوە، لەگەڵدا سازداوەو لەلاپەڕە (٤٢ - ٤٥)ی ژمارە (١٣٣٤)ی گۆڤاری (الوطن العربي)دا بڵاوی کردۆتەوە. کە ئەمەی خوارەوە بەشێکی ئەو چاوپێکەوتنەیە:

* ئێستا ئێمە لەنێو ململانێی شارستانییەکاندا نین، بەڵکو بەرەورووی هێرشی شارستانیی رۆژئاوا بۆ سەر شارستانیی ئیسلامی،

دەبینــەوە کــە مەبەســتیان تیایــدا لەرەگــەوە هەڵکەنــدنی شارســتانیی ئیسلامییە. لەهــەمان کاتیشــدا شارســتانیی ئێمــە بێبەشــە لــەهۆکارەکانی بــــەرگری لــــەخۆکردن، یــــان خــــۆگرتن، ئومێــــدمان بەچــــی بێــــت لەبەرەنگاربوونــەوەی ئــەم بارودۆخــەداو چــۆن دەتــوانین بــەرەنگاری ببینەوە؟

- هەڵبەت خاڵی بنچینەیی، کــە دەبێ ئاوڕی لێ بدەینــەوە، ئەوەیــە کــە ئێمــە لــەباری پاشەکشــەیەکی شارســتانی، یــان داڕمــانی شارســتانیدایین. بەمانایەکی وردتــر، ئێمــە ئێستا بــەکردەوە شارستانیەتێکمان نییــە. واتــە ئــەوەمان نییــە کــەپێی دەگــوترێ شارســتانیی عــەرەبی ئیســلامی. یادەوەرییــەکانی شارستانیەتێکمان هەیــە کــە ٦ یــان ٧ ســەدە پــێش ئێستا هــەبووەو پاشــان وەکــو هــەموو شارســتانییەکانی دیکــە داڕمــاو دواکــەوت، پاشــان شارســتانی لــەرۆژئاوادا پێشــکەوت. لەســەرمان بــوو پشــت ببەســتین بەشارســــتانیی رۆژئــــاوایی لەشــــێوازەکانی ژیانمانــــداو لەشــــێوازەکانی پێشــکەوتنماندا. پشــت بــەو داهێنانــە ببەســتین کــە لــەجیهانی رۆژئــاوادا هاتنــە ئــارا. بــەڵام لێــرەدا دەمــەوێ خــۆم بــەدوور بگــرم لــەخاڵێکی بنچــینەیی، ئــەویش ئەوەیــە کــە شارســتانیی رۆژئــاوایی بەتــەنیا مــوڵکی رۆژئاوا نییەو نابێ بەپێی ئەم لۆژیکە رەفتار بکەین، چونکە شارســتانیی رۆژئــاوایی، لەبەشــێکیدا، قــەرزاربارى ئەوەیــە کــە لەشارســتانیی عــەرەبی ئیسـلامیدا لـەماوەی بووژانەوەیـدا وەریگرتـووەو ئیـدی ئێمـە هاوبەشـین لەشارستانیی ئێستای رۆژئاوادا.

خودی شارستانیی ئێمەش شارستانیەکی تایبەت بەئێمە نەبوو، بەڵام ئەویش پشتی بەشارستانییەکانی پێش خۆی بەست و لێیانی وەرگرتو شتی زیاتری خستە سەریان. بۆیە ئێمە بەو بەشدارییەی کەکردوومانە، هاوبەشین لەشارستانیی ئێستای رۆژئاواداو ئەرکیشمانە تێکەڵ بەو شارستانییە ببین، تا توانای بەشداریکردنمان، بەمەبەستی سەر لەنوێ گەشەپێدانو پێشکەوتنی، پەرەپێ بدەین. بڕوابوون بەو بیرۆکەیەی کە ئێمە بەتەواوی جیاین لەرۆژئاواو هیچ پەیوەندییەکمان پێوەی نییە، یان بڕوابوون بەو بیرۆکەیەی کە لەخودی رۆژئاوادا هەیە کەرۆژئاوا خاوەنی شارستانییەکەیەو هەر هی خۆیەتیو هیچ لایەکی تر پێوەندیی پێیەوە نییەو سودی لەهیچ کەسێ وەرنەگرتووە، قسەیەکی ناڕاستە. ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە بەو پێیەی هاوبەشین تیایدا، لەگەڵ ئەو شارستانییەی کە هەیە، تێکەڵ ببین.

٭ کەواتە تۆ پێت وانییە هێرشێك لەلایەن شارستانیی رۆژئاواوە بۆ سەر شارستانیی عەرەبیو ئیسلامی هەبێت؟

- ئەمە قسەی دەمارگیرەکانی ئێرەو ئەوێیە. پێم وایە ئەم قسەیە ناڕاستە. ئەوەش راست نییە کەبڕوا بەو بیرۆکەیە هەبێت کەرۆژئاوا دژمانە لەبەر ئەوەی عەرەبین، لەبەر ئەوەی موسڵمانین، بۆیە هەوڵی ریشەکێشکردنمانو دارماندنمان دەدات. ئەمە قسەیەکی ناڕاستە. ئەو پرسیارەی دەیکەم ئەوەیە کە: بۆچی ئەمە دەکات؟ مەترسیمان لەسەری چییە؟ ئایا شارستانیی ئێمە هەیەو باڵادەستە، تا لێمان بترسێ؟ ئەوانەی

دەڵێن عەرەبو موسڵمانان بوونەتە خولیای رۆژئاوا، بەو شێوەیەی وای لێکردووە لەرزبگرێ، ئەوانە خۆیان لەواقیعی ناخۆشی خۆمان گێل دەکەن. کەئەم قسەیە دەبیستم بەبنزاری عەرەبیی میسری دەڵێم: رۆژئاوا بۆچی لێمان دەترسێ؟ ئایا سوپامان هەیە؟ ئایا هێزمان هەیە؟ ئایا زانستمان هەیە؟ ئایا سامانمان هەیە؟ جیهانی عەرەب، هەمووی، لەخوار ئاستی دواکەوتنەوە دەژی، کە لەرووی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو هەموو رووەکانەوە زۆر دواکەوتووە. کەواتە ئەو مەترسییەی لەسەری دروستی دەکەین، چییە؟

★ ئایا عەرەبو موسڵمانان هۆیەکانی بەرگری لەخۆکردنیان هەیە؟

- لەبەرامبەر چی؟

★ لەبەرامبەر ئەو هەڵمەتانەی راگەیاندن کە دژیانەو بەبانگخوازانی تیرۆر (ئیرهاب) لەجیهاندا، ناویان دەبات؟

- ئەو هەڵمەتانە لەهیچەوە نەهاتوون. ئەم هەڵمەتانە گروپێك لەئێمە بەشدارییان لەدروستکردنیدا کردووە، کەشارستانیی رۆژئاوای کردۆتە ئامانجی دژایەتییەکەی، بێ ئەوەی هەوڵبدا تەنانەت تێیشی بگات، بەو دوژمنەیان داناوە کە دەبێ لەدژیدا بجەنگێ؟

ئەو تیۆرییە چییە کەبن لادن بۆی هێنایین؟ بن لادن لەتیۆرییەکەوە سەرچاوە دەگرێ کەجیا نییە لەتیۆریی ململانێی شارستانییەکان، کەرووی دووەمی تیۆریی ململانێی شارستانییەکانە، کەپێی وایە جیهان

دەبێتە دوو بەشەوە: بەشی باوەڕ بەخوا، کە ئەو بەشە ئێمەی عەرەبو موسڵمانانین. بەشی کوفرو بتپەرستی، کەکۆمەڵگاکانی رۆژئاوان.

ئوسامە بن لادن داوای لێکردین ئەم بەشی دووەمە تێك بڕمێنین. ئیدی ئێمە چەند بەشو تەوژمی سیاسیمان هەیە کەگێچەڵ بەرۆژئاوا دەکەن بەبێ ئەوەی رۆژئاوایی بناسن، بەبێ ئەوەی توانای ئەوەیان هەبێت ئەنجامەکانی ئەو گێچەڵکردنە بزانن.

رۆژئاواش توندڕەوو دەمارگیریی وای تیایە کەپێیان وایە رۆژئاوا لەسەریەتی هەژموونی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێ، بەتایبەت لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاداو هەموو جیهان دەبێ دوای ئەوە بکەوێت کەپێی دەڵێن بەها ئەمریکییەکانو ئەو شێوانەی کەکۆمەڵی ئەمریکی لەخۆی گرتوون.

لەنێوان ئەم دوو جەمسەرە توندڕەوەدا وا پێدەچێ گرژییەك هەبێ، یان بەگژیەکداچوونێك لەنێوان عەرەبو موسڵمانان لەلایەكو رۆژئاواش، لەسەرروویانەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەلایەکی ترەوە، هەبێت. ئەرکی ئێمەیە نەیەڵین پێکدادان لەنێوان ئەو دوو لایە توندڕەوەو لەنێوان رێبەریی ئێمەی عەرەبو موسڵمانان لەگەڵ رۆژئاواداو لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا رووبدات. ئەمە ململانێیەکە ئێمە تفاقی ئەنجامدانیمان نییەو ناتوانین، بەتایبەتی لەم چرکە ساتەدا بردنەوەکەی مسۆگەر بکەین. باهەوڵی دیالۆگی

راستەقینەو بنیاتنەر بدەین بەپێی ئەو گریمانەیەی کە بەهاگەلێکی مرۆیی باڵای هاوبەش هەن کەهەموو مرۆڤایەتی تیایدا هاوبەشن.

لەوڵاتە یەکگرتووەکانیشدا جیاوازی لەنێوان ئیدارەی ئەمریکیو لەنێوان گەلی ئەمریکیدا هەیە. لەنێو گەلی ئەمریکادا، تەنانەت لەنێو ئیدارەی ئەمریکیشدا، چەند تەوژمێکی جیاجیا هەن کەبەشێوەی جیاواز لەیەکتر تەماشای دیاردەکانی جیهان دەکەن. نابێ لێرە وشەیەك هەڵبگرینەوەو لەوێ وشەیەکی تر هەڵگۆزین. ناشبێ ئەوانەی لەنێوخۆماندا ئەو بیروباوەڕە توندڕەوانە دەخەنەڕوو لێیان بگەڕێین، کەبەرەو پێکدادان لەگەڵ رۆژئاوادا بمانبەن، تا وای لێ بێت ئەوان ببنە دەمڕاستی رەسمیی نەتەوەی عەرەبو ئیسلام. کێ دەڵێ بن لادن نوێنەری ئیسلامە؟! ئەو گوتارەی دەریدەبڕێ هەڵوێستی ئیسلامە بەرامبەر بە نائیسلام؟! ئەمە راست نییە. بەڵام قوتابخانەی میانڕەو لەبیرکردنەوەی عەرەبیو بیرکردنەوەی ئیسلامیدا، قوتابخانەیەکی دەنگ کزە، بۆیە لەبەرچاوی جیهانی رۆژئاوادا وا دەردەکەوین وەك ئەوەی کە دەستەیەك دڕندەین، وەك ئەوەی هەموومان بن لادن بین، وەك ئەوەی هەمووومان رقمان لەو کەسەبێت کەشوێنی ئایینێکی جیا لەئایینی ئێمە کەوتبێت، یان رایەکی جیا لەرایەکەی ئێمەی هەبێت، یان شێوازێکی ژیان کەجیا بێت لەشێوازەکەی ئێمەی گرتبێتە بەر. هەمووو ئەمانە بیروباوەڕێکن دوژمنایەتی لەرۆژئاوا پەیدا دەکەن، توندڕەوانی ئایینیو نەتەوەییو رەگەزی لەنێو رۆژئاوادا هان دەدەن کەهێرش بکەنە

سـەرمان. بەداخـەوە ئێمـە ئـەم هێرشـە دەوروژێـنینو تفـاقی بەرپەرچدانەوەشـیمان نییـە. ئـەو تفاقانـە چـین کـە بەرپەرچـی ئـەو هێرشـانەی پـێ بدەینـەوە کەدەکرێنـە سـەرمان؟ هـیچ نییـە. بـەلام کەوتووینەتـە ئەنجامـدانی پرۆسـەیەکی دەمـارگیر بـۆ وروژانـدنی دوژمنایەتیی رۆژئاواو زیانگەیاندن بەهەمووان.

لەئـەوروپاو جیهانـدا ولات هـەبوون لایـەنگیری سروشـتیی کێشـەکانی ئێمـە بـوون، وەك ئیتاڵیـاو فەڕەنساو ژاپـۆنو چـینییەکان. بـەلام ئێسـتا هاوسـۆزیی ئـەوانمان لەدەسـتداوە، هـەر لەبـەر ئـەوەی جڵـەومان کەوتـە دەسـت توخمگـەلێکی شـێتگیری تونـدڕەوی وەك بـن لادنو ئەوانـەی بـەو شـێوەیە بیردەکەنـەوە، کـە کێشـەکە بـەم شـێوە لنگەوقوچـە بخەنـەڕوو. ئەمەیە گرفتەکەمان.

★ بێگومـان رووداوەکـانی ١١ی سـێپتێمبەر زیـانی مادییـان بەولاتەیـەکگرتووەکانی ئـەمریکا گەیانـد، بـەلام سەرکەوتنیشی بەدەسـت هێنا لەوەی ببێتە کارەساتێك بۆ جیهانی عـەرەبیو ئیسلامی. ئایا هـەقی خۆمان نییە گومان بکەین لـەو پاڵنەرانـەی هانـدەری ئەنجامـدەرانی ئـەو کردەوەیە بوون، چ بن لادن یان هی تر بن؟

- ئـەم بابەتـە بڕاوەتـەوە. بـن لادن خـۆی گـوتی مـن کردوومـە. ئـەو تەوژمەی بن لادن پێکیهێناوەو ئەوانەی لەگەڵیشیدان، تەوژمێکە بنـاوانی لەنێو بیری عەرەبیدا نزیکەی نیـو سـەدە یـان زیـاتر دەبێت. ئـەم گرووپـە توندڕەوانـە هـەن. خۆزگـە گومـانکردن لەپاڵنـەرەکانی ئەمانـە چارەسـەر

بوایە. هەن دەڵێن ئەمانە بەکرێگیراوی مۆسادنو مۆساد کردەوەکەی ئەنجامداوە. هەشن دەڵێن بەکرێگیراوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان، یان بەکرێگیراوی بەشێك لەئیدارەی ئەمریکین. خۆزگە مەسەلەکە وا بوایە، ئەوە ئەهوەنتربوو. چونکە بەپلەی یەکەم ئێمە لەو کردەوەیەدا بەرپرسیار نەدەبووینو ئەوانەی کردوویانە دەستەیەك بەکرێگیراوی رۆژئاوا یان ئیسرائیل دەبوون. بەڵام بەداخەوە هەموو بەڵگەکان کە تا ئێستا کۆبوونەتەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەوانەی کردەوەکەیان کردووە کەسی تر نییە جگە لەبن لادن. ئەوەش دەڵێم کە ئەو تەوژمە نزیکەی نیو سەدەیە لەبیری عەرەبی ئیسلامیدا هەیە. بیروباوەڕەکانی سەید قوتب رۆڵی گەورەیان تیایدا هەیە. سەید قوتب وا تەماشای جیهانی ئێستای ئیسلامی دەکات کەجیهانێکە هەڵگەڕاوەتەوە بەرەو جاهلییەتی بەرایی، کە لەو جاهلییەتە دەچێ کەبەر لەئیسلام لەدوورگەی عەرەبیدا هەبوو. هەروەها تێڕوانینی بۆ هەموو جیهان تێڕوانینێکی دوژمنانەیەو بانگەوازی گروپە ئیسلامییەکان دەکا کە رۆڵی سەرلەنوێ فەتحکردنی جیهانو بڵاوکردنەوەی ئیسلام تیایدا ببینن. ئەم ئاراستەیەی بیرکردنەوەش ئێستا تەوژمی سەرەکییە لەنێو بزووتنەوەی ئیسلامیدا. ئەمەش خۆی دەنوێنێ لەرێکخراوەکانی وەك "ئەلقاعیدە"و "جیهاد"و جەماعەی ئیسلامی"الجماعة الإسلامية" لەمیسرو دەستەو گروپی تریش لەوڵاتانی عەرەبیو ئیسلامیدا. ئەم تەوژمە لەلای خۆمان هەنو ناسراون، بەداخەوە چەندین تاوانی بەکارهێنانی توندوتیژییان

بەناوی ئایینەوە کردووە. ئەمەش خراپترین دیاردەیە لەمێژووی هەموو مرۆڤایەتیدا. چونکە هەڕەشەی گێڕانەوەی شەڕە ئایینییەکان دەکاتو مرۆڤایەتیش لەمێژووی ژیانی پڕ لەئازاری خۆیدا ئازاری بەدەست شەڕە ئایینییەکانەوە، لەهەموو شتێکی تر زیاتر، چەشتووە. ئەوەی روویدا ئەوەیە کە ئەم تەوژمە بەرووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەر بۆمان دەردەخەن کە ئەو مۆتەکەیەی کەدەشێ ئەوان بەرەوڕوومانی بکەنەوە، مەوداکەی چەندە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بووە هۆی ئەو ئەنجامە مۆتەکەییانەی لەرووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەر کەوتنەوە.

ئەو سەرەڕۆییانەن کەولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئیدارەی ئەمریکییان بەرەو ئەو سیاسەتە وەحشیگەرییە بردووە. هەر ئەوانیش بوونە هۆی هاوپەیمانێتی لەنێوان راستڕەوی ئیسرائیلیو راستڕەوی ئەمریکی بەو شێوەیەی کەبووە هۆی کەوتنەوەی ئەنجامی مۆتەکەیی لەخاکی داگیرکراودا. هەر ئەوانیش، بەوەی کە لە١١ی سێپتێمبەردا کردیان، بوونە هۆی جۆرێك لەبێ بازاڕی کەهەموو جیهانی گرتۆتەوەو بەدەستیەوە دەنالێنین، بەتایبەت لەولاتێکی داهات کزی وەك میسردا. تا ئێستاش ئێمە بەدەست ئەو ئەنجامە مۆتەکەییانەوە دەنالێنین. ئەوان ئەو گیروگرفتانەیان ناوەتەوە کە نە سەری دیارە نە بنو ئەو عەرەبو موسڵمانانەی رەگەزنامەی ئەمریکیو رۆژئاواییان هەیە دووچاری دەبنو هەر عەرەبێکیش کەئێستا روو لەولاتەیەکگرتووکانی ئەمریکا دەکات، یان سەردانی ولاتانی رۆژئاوا دەکات دووچاری دەبێت. بەو کارە گەوجانەیەی

کەبێ سەمەرو ئەنجام بوو، هەمووممان خراینە قەفەزی تۆمەتبارییەوەو جێگەی گومانین.

ئەمانە دەستەیەك گەوجن وادەزانن ئەوانن شکستیان بەیەکێتی سۆڤێت هێنا. وادەزانن ئەوانن بوونە هۆی هەرەسهێنانی، ئەوەی پێی دەڵێن ئیمپراتۆریای سۆڤێتی، بۆیە ویستیان رۆڵی خۆیان بەشکستپێهێنانی ئیمپراتۆریای ئەمریکی تەواو بکەن. ئەوان خۆیان لەو راستییە بنەڕەتییە گێل دەکەن، کە ئەوان دژی یەکێتی سۆڤێت دەجەنگین، یەکێتی سۆڤێت بەهۆی ئەو جەنگینەی ئەوان هەرەسی نەهێنا، بەڵکو بەهۆی چەندین هۆکارەوە بوو کە لەوانەیە تێوە گلانی یەکێتی سۆڤێت لەئەفغانستان بەشێکی بێت، بەڵام ئەوەی خۆیان لێ گێل دەکەن ئەوەیە کە ئەوان کردیان لەسایەی پاراستنی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەپشتیوانیی ئەو بوو. ئێستا خۆیان شەڕی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکەن کە سۆڤێت نەماوەو کەسیش نییە پشتیوانییان بکات. ئەمە شێوە بیرکردنەوەیەکە کاتی ئەوە هاتووە چاوی پێدا بگێڕدرێتەوە، کاتی ئەوە هاتووە بزووتنەوەی ئیسلامی بەهەمووو ئەو بیروباوەڕانەدا بچێتەوەو ئەوە بزانێت کەپرۆسەی گۆشەگیربوون لەجیهانداو دژایەتیکردنی، مایەی پوچە. ناتوانین کار لەکەس بکەین. ناتوانین کار لەبەجیهانیبوون بکەین تامرۆڤانەتری بکەین. ناتوانین کار لەسیاسەتی ئەمریکی بکەین، ئەگەر ئەو رێبازە گۆشەگیرییە سەرەتاییە بگرینە بەر. ئەمانە ئەو نمونەیە بوون کە لەئەفغانستاندا لەسایەی

حوکمڕانی تاڵیبان دروستیان کرد، کەنمونەیەکی خێڵەکیی دواکەوتووەو هی (١٥) تا (٢٠) سەدەی پێشووترە. ڕاست نییە ئەوە ئیسلام بێت، ئەوە تێگەیشتنێکی دواکەوتووانەیە. ئەوە بەکردەوە بووە هۆی وێرانکردنی ئەفغانستانو کردی بەدەوڵەتێکی سەرەتایی کەهیچ دەسەڵاتێکی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە تێدا نەبێت، هیچ شێوەیەك لەشێوەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی تێدا نەبێت، هیچ هۆیەکی بەرهەمهێنانی تێدا نەبێت، جگە لەبەرهەمهێنانی حەشیشو ئەفیونو ناردنە دەرەوەی بۆ جیهان بۆ کۆمەککردن بەو جیهادەی دەیانکرد. ئەمە گرفتەکەیە.

٭ ئێستا هەڵوێستێکی سەیر دەبینین، خەریکە عێراق گۆرزێکی سەربازیی لێ بوەشێنرێ، لەسودانیشدا باشووری لەباکووری جیا ببێتەوەو دیمەنی کوشتوبڕو گرتنی فەلەستینییەکانیش بۆتە ڕۆتین لەسەر شاشەدا. سەرەڕای ئەم هەڵوێستە ترسناکەی کەنەتەوەی عەرەبو ئیسلام تیایەتی، کەچی هەستکردن بەدەستەوەستانیو خۆبەدەستەوەدان دایگرتووین. بەڕای تۆ پاساوەکانی ئەم هەستە چین؟

- ئەمە یەکێکە لەدیاردەکانی پەرشو بڵاویی عەرەب کە لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە سەرۆك سادات تاکڕەوانە هەوڵی گەیشتن بەچارەسەرێکی یەکلایەنەی لەکێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو ئەو کارلێکە نائیجابییەو نابنیاتنەرانەیەو ئەو ڕۆڵەی وڵاتە عەرەبییەکان گێڕایان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەڵوێستەدا. بەشێوەیەك پارچەپارچە بوون لەجیهانی عەرەبیدا دەستی پێکردو بەرەو زیاتر

چوو، گەیشتە لوتکە بەسەرەڕۆییەك کەکارێکی گەوجانە بوو، لەواقیعدا بووە هۆی هەرەسهێنانی ئەمنی قەومیی عەرەبو چیتر ئێمەی عەرەب وەك برا نەماین لەبەرامبەر دوژمنەکانمان، بەڵکو بووین بە برا دوژمن بەیەکترەکان. ئیدی بیروباوەڕی یەکولاتی لەنێو عەرەبدا پەیدا بوو، هەر کەسێك بیری لەوڵاتەکەی خۆی دەکردەوە، نەك هەر دەستەی حوکمڕان، بەڵکو گەلانی عەرەبیش. وای لێهات هەر گەلێك بۆ خۆی بژی، چونکە سەر بەوڵاتی خۆیەتی، نەك سەر بەنەتەوەی عەرەب. تیۆریی ئەمنی قەومی عەرەب هەرەسی هێنا. بەهەرەسهێنانی دەبوو ئەوە روو بدات کە بینیمان.

بیرمەندی عەرەب

## ئەلعەفیف ئەلئەخزەر:

# ئیسلامی سیاسی لەسەرەمەرگدایە

**چاوپێکەوتنی: هیشام ئەلدیوان**

بیرمەنـدی عـەرەب ئەلعـەفیف ئەلئـەخزەر لەهـەموو بۆنەیەکـدا تێگەیشـتنی خـۆی بەئاشـکرا لـەبارەی ئیسلامی سیاسـییەوە رادەگەیـەنێ، زۆر جـاریش بەنووسـین پابەنـد نـەبوونی خـۆی بەتێگەیشـتنی مـەلاکان لەدەقی ئایینی و تێگەیشتنی، ئەوانەش کە توندڕەون، دەردەبڕێت.

لەناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٩٩دا، واتـە سـاڵو نیوێـك پـێش رووداوەکـانی ١١ی سێپتێمبەر کەئەمریکاو جیهانیان هەژاند، ئەلئەخزەر گوتی بـانگخوازانی بـیری ئیسـلامی، ئـایینی ئیسـلامو کۆمـەڵی عـەرەبو ئیسـلام بـەرەو کۆتاییەکی تراژیـدی دەبـەنو بەتێگەیشـتنی خۆیـان لـەئایین دوژمنایـەتی بۆ خۆیانو بۆ ئایینەکەش دەنێنەوە.

ئەلعـەفیف ئەلئـەخزەر، بیرمەنـدێکی عەرەبـەو خـەڵکی تونسـە، ئێسـتا لـــەپاریس دەژیو ســالانێکی زۆر لەحـــەفتاکانو هەشـــتاکاندا لـــەنێو

فەلەستینیەکاندا وانەبێژی پێگەیاندنی سیاسیی کادیران بووە و بەوەش ناسراوە کەپیاوێکی جەربەزەیە بۆ داکۆکیکردن لەتێگەیشتنی خۆی و هەڵوێستەکانی:

★ ئایا دەکرێ بگوترێ ئیسلامی سیاسی گەیشتۆتە بنبەست. کێ لەمەدا بەرپرسە. ئایا ئیسلامییەکان خۆیانن، یان ئەوانی ترن، واتە ئەوانەن کە ئەوەیان دەوێ کە خۆیان دەیانەوێ و ئەوەشیان ناوێ کە خۆیان نایانەوێ؟

- بەڵێ، بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی ئێستا لەسەرەمەرگدایە و مەسەلەکەش زۆر ئاڵۆزە، چونکە بزووتنەوەی ئیسلامچییەکان، یان ئیسلامییەکان، یان تیرۆریزمی توندوتیژ، راستییەکەی، کاردانەوەی رووداوێکە، کاردانەوەی بەجیهانیبوونی مافەکانی مرۆڤە، کاردانەوەی ئازادیی ژنانە لەدیموکراسیدا. عەلی بلحاج لەساڵانی نەوەددا زنجیرەیەك وتاری لەرۆژنامەی (المنقذ: رزگاریبەخش)ی زمانحاڵی بەرەی ئینقاز (رزگاری)ی ئیسلامی جەزائیری (جبهة الانقاذ الاسلامية الجزائرية)دا بڵاوکردەوە، کەگەڵێ لەم مەسەلانەی لەروانگەیەکی ئیسلامی سیاسییەوە باسکردووە. ناونیشانی زنجیرە وتارەکە ئەمەیە: (سڕینەوەی بەهێزی پوچەڵکردنەوەی عەقیدەی دیموکراسی). ئایا سەرنجی ئەوەت داوە ئەم چەشنە ناونیشانە یانی چی؟ لەمێژوودا بەبەردەوامی ئاراستەو چەواشە هەیە. ئاراستەیەکی قووڵ بەرەو نوێگەری هەیە کەبەری پێ ناگیرێ و

گەڕانەوەی نییە. لەبەرانبەر ئەم ئاراستەیەدا ئاراستەیەكی چەواشە، نەك هەر لەجیهانی ئیسلامیدا، بەڵكو لەسەر ئاستی جیهاندا هەیە.

*ئایا ئەو ئاراستە چەواشەیە ئیسلامییەكان، یان وەك خۆت ناویان دەنێی توندڕەوەكانن، یان سەر بەئایینی ترن؟

- چۆنی دەتەوێ وایان ناو بنێ، بەڵام ئەو ئاراستە چەواشەیەی دژی ئاراستەی رووەو نوێگەرییە، ئاراستەیەكی پەیمان شكێنییە. گەڕانەوەیە بەرەو پاشەوەو ئەوپەڕی راستو پارتە فاشستییەكان لەرۆژئاواداو ئیسلامییەكانی لای خۆمان، كەهەندێ لەكۆمەڵناسە رۆژئاواییەكان بەفاشیزمی باشوور ناوزەدی دەكەن، نوێنەرایەتیی دەكەن. كەواتە ئەم ئاراستە چەواشەیە مەرگ لەچارەنووسی نووسراوەو ئایندەی نییە.

*بۆچی ئایندەی نییە، مادام بیرێكی ئایینییەو بیرێكی بێ هودەیی‌و ئاژاوەیی نییە؟

- چونكە ئەگەر دەسەڵات بگرێتە دەست، بەرنامەكانی هەرگیز لەم سەردەمەدا مایەی پەسەند نین، ناكرێ جێبەجێ بكرێن. بۆیە لەبەردەم دوو مەسەلە دایە: یان ئەوەتا ئەو بەرنامەیە هەڵبگرێ كەدژی بەرنامەكەی خۆیەتی، ئەمەش ئێستا لەلای چاكسازەكان لەئێراندا دەیبینین. لەئێراندا چاكسازەكان هەموو نوێگەرییان، واتە هەموو جۆرەكانی نوێگەرییان لەنوێگەریی سیاسی، ئازادییەكان بەهەموو جۆرەكانیەوە، ئازادیی ئابووری‌و... هتد، پەسەند كردووە. ئێستا لەئێراندا چاكسازەكان هەموو گوتەكانی نوێگەریی سیاسییان پەسەند

کردووه. خاتەمیو باڵەکەی پەسەندییان کردووە. (حەسەن ئەلتورابی)ی ئیسلامی سیاسیی سودانیمان بینی کەوتە بەندیخانەوە یان دەستبەسەرە، کۆتایی هات، چونکە ئەوانەی ئەو هێنانیە سەر کورسیی حوکمڕانی خستیانە حەپسخانەوە، چونکە ئەو بەرنامەیەی ئەلتورابی هەڵیبژاردووە یان داینـاوە جێبەجێ ناکرێ. بۆیە ئەوانەی (تورابی) هێنانیە سەر کورسیی حوکمڕانی چوون دانوستانیان لەگەڵ ئەوانەدا کرد کەدژیان دەجەنگان، کە کەمینەی مەسیحیی سەر بە(جۆن گەرەنگ) بوون لەباشووری سودانـدا.

★ ئایا ئەوە بەرنامەکەیانە کەخەڵکی لێ دڕدۆنگ کردوون؟

- ئەگەر سووربن لەسەر بەرنامەکەیان، مانەوەیان زەحمەتەو مەسەلەی هەرەسهێنانیان حەتمییە. واتە لەخۆیانەوە دەڕووخێن. یان بەدەخاڵەتی دەرەکی، وەك ئەوەی لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیباندا روویدا، دەڕوخێن. تاڵیبان ئەگەر جەنگی ئەمریکیش نەیڕوخاندنایە لەناوخۆوە دەڕووخان. بەڵام بن لادن تێکەڵیان بوو، ئەمەش وای کرد لەدەرەوەڕا بڕوخێندرێن، واتە دینامیكو نوێگەری لەنێو کۆمەڵی عەرەبی ئیسلامیداو ئەو تەوژمە جیهانییەی بانگەشەی رەوایی (مەشروعیەت) دەکاو ئەوانەیش کە دژی رەوایی (مەشروعیەت)ن، مەرگ دەکا بەچارەنووسیان. دەشێ لەهەر وڵاتێکدا بێت یان لەهەر شوێنێکدا بێت دەسەڵات بگرنە دەست، بەڵام ناتوانن ئەو دەسەڵاتە بپارێزن، بەتایبەت پاش بەرنامەی دواکەوتووانەو دژ بەنوێگەرییان لەسەردەمێکدا

کەنوێگەری تیایدا بۆتە ئاراستەیەکی مێژوویی‌و بەری پێ ناگیرێ‌و گێڕانەوە بۆ پاشەوەی نییە.

★ هەندێ شایەت‌و شیکردنەوەی زانستی‌و رۆژنامەوانی هەن ئاماژە بەوە دەدەن کەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر لەسەرەتای حەفتاکاندا خۆی بۆ بەرەورووبوونەوەیەکی پێشوەختی لەم جۆرە ئامادەکردبوو، ئایا ئەمە هەستکردن بوو بەترسناکیی ئەم تەوژمە، بەتایبەت کەئەمریکا رۆڵی لەهێنانە ئارای ئەم تەوژمەو فڕێدانی بۆ نێو مەیدانی سیاسی لەدژی کۆمۆنیزم‌و هاوچەشنەکانیدا، هەبووە؟

- سەبارەت بەئەمریکا، کەسێکی زۆر ناسراو هەیە کە لەگەڵ پنتاگۆن ئیش دەکات‌و کتێبێکی بۆ داناون‌و تیایدا دەڵی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بیل کلنتۆن کە سەرۆکی باڵی دیموکراتەکان یان یەکێکە لەکۆڵەکەکانی سۆسیال دیموکرات، واتە چەپی ناوەند (المرکز)، تا ساڵی ١٩٩٥یش هەر لایەنگیریی لەهاتنە سەر کاری (بەرەی رزگاریی ئیسلامی) لەجەزائیر بۆ سەر کورسیی حوکمڕانی کردووە، تەنیا پاش ئەوە رای خۆی گۆڕیوەو بەدرێژایی ئەو ماوەیەی پێش ساڵی ١٩٩٥ پشتی لێ نەکردوون! کەواتە لەلای ئەمریکا لە (١٩٤٧)ەوە، واتە لەپرۆژەی (ترۆمان)ەوە، کەپرنسیپ یان پرۆژەی دەورەدان (ئیحتوا)ی کۆمۆنیزمە بەهۆی ئیسلامەوە، هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیسلامییەکاندا ئۆرگانی بووە. ئەوکات لەسعودیەدا بەرەی دژایەتیی مارکسیزم‌و بێدینی (ئیلحاد)، بە بەشداریی ئیخوان موسلمین‌و تەوژمە ئیسلامییە توندڕەوەکانی تر پێکهاتووە. ئەوەش

دەزانین کەموجاهیدەکان لەئەفغانستاندا بەمەشق‌و چەکدارکردن‌و پارەو ئاسانکاریی ئەمریکی‌و سعودییەکان دەجەنگین‌و سعودییەکانیش بەفەرمانی ئەمریکییەکان ئەمەیان دەکرد. کەواتە هەر سعودیەو هەر سعودیە بوو، کەبەر لە١١ی سێپتێمبەر، بەئاشکرا، نەك بەنهێنیٚ، دانوستانی لەگەڵ حکومەتی تاڵیباندا دەکردو یەکێکیش بوو لەو سێ لایەنەی کەدانیان بەحکومەتی تاڵیباندا نابوو. بەڵام ئەمریکا هەڵوێستی خۆی نەگۆڕی‌و ئیسلامییەکان نەبوون بەدوژمنی، تا پاش رووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١و راگەیاندنی جەنگ لەدژی تیرۆر (ئیرهاب) نەبێت. ئێستا شتێکی ئاشکراشە ئەم جەنگە دەبێ کۆتایی بێت‌و لایەك براوەو لایەکیش دۆڕاو بێت.

★ بەتێڕوانینی تۆ، بۆچی رۆژئاوا زیادەڕۆییان نەکرد لەنیشاندانی مەترسیی ئیسلامی سیاسی یان توندڕەوی‌و تیرۆر (ئیرهاب) لەسەر عەرەب‌و موسڵمانان بەپلەی یەکەم‌و پاشان لەسەر خەڵکی تر؟

- مەترسیی توندڕەویی ئیسلامی یان گروپ‌و تەوژمە ئیسلامییەکانی دژ بەو پرنسیپە لەسەر جیهان، مەترسییەکی رێژەییە، بەڵام مەترسییان لەسەر ئیسلام‌و موسڵمانان‌و عەرەب گشتی هەمەلایەنە. واتە هەندێ فەرموودەی پێغەمبەر (د. خ)، کە لەوانەیە پشتڕاستکراو (سەحیح)، یان پشتڕاستنەکراو (ناسەحیح) بن نووسراون‌و دراونەتە پاڵ پێغەمبەر محەمەد (د. خ). لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێ:"طلبت من الله ان لایسلط

على أمتي عدواً من سوى أنفسهم". واته داوام لەخوا کرد، دوژمنێك جگە لەخۆیان، بەسەر میللەتەکەمدا زاڵ نەکات. ئەم دوژمنەش، ئێستا ئیسلامییەکانن. ئیسلامییەکانن، چونکە جیهانی ئیسلامی، خانەبەخانە وێران دەکەن. بەهەمان شێواز ئیسلامیش وێران دەکەن بەوەی وێنەو رێنماییەکانیو مرۆڤایەتییەکەی دەشێوێنن، تا ئەوەی ئیسلام لەجیهاندا بۆتە تیرۆر (ئیرهاب)و لەلای پاسەوانی ئەو بینایەشدا کەمنی لێ دەژیمو جگە لەچوار ساڵ زیاتری لەقوتابخانە نەخوێندووە، دەڵێ: کەدەڵێی ئیسلام واتە تۆ مەبەستت تیرۆر (ئیرهاب)ە. ئەمەش پاش ئەوە وای لێ هات کەئیسلامییەکان دەستیان دایە ئەنجامدانی تیرۆر لەنێو جیهانی ئیسلامیو لەدەرەوەیدا.

⋆ کەواتە دەکرێ بگوترێ جەنگی ئەمریکی لەدژی تیرۆر یان لەدژی ئیسلامی سیاسی درێژە دەکێشێ، یان گورزێکی پشتشکێن دەبێتو ئەم چەشنە شەپۆلە لەرەگەوە هەڵدەکەنێ؟

- ئەمریکاو ئەوانەی لەرۆژئاوادا لەگەڵیدان دەتوانن رەگی کەسە تیرۆریستەکان (ئیرهابییەکان) هەڵکێشن، بەڵام تیرۆر هۆکاری قوڵو ئاڵۆزی هەیە، هەروەك لەسەرەتاوە گوتم. دەبێ بگەڕێینەوە بۆ چاککردنی ئیسلامی (الأصلاح الأسلامي) کە شێخ محەمەد عەبدەو جەمالەدین ئەفغانیو رەشید رەزا رچەیان شکاند. رەشید رەزا لەتەفسیری (ئەلمەنار)دا گەیشتە ئەوەی کەئایەتەکانی فەتح کە لەسورەتی (ئەلتەوبە)

دان، واتـه سـورەتی نۆیـەمی قورئـانی پـیرۆز، چـەند ئایـەتێکن بەکـەڵکی ئـەمڕۆمان نایـەنو تایبـەتن بەجـەنگی کـافرانو جـوو و نەسـرانییەکانو کافرانی ڕۆژگاری پێغەمبەر محەمـەد (د. خ)و هـەرگیز بەسـەر جووەکـانی ئەم ڕۆژگارەدا جێبەجێ نـابن، کەچی ئـەو بـەرەی جەنگـەی دژی جـوو و سەلیبییەکان بن لادن دروستی کـرد، پشـت بـەو ئایەتانـە دەبەسـتێ. بۆیـە پێویسته ئێستا بگەڕێینەوە بۆ ڕۆشنگەریی ئیسلامی.

★ مەبەستت لەڕۆشنگەریی ئیسلامی چییە، ئایا زاراوەیەکە لـەداهێنانی خۆتـەو بەهـەمان ئـەو هەناسـەیەی لـەبارەی جیـاوازیی پێویسـتییەکانی هاندان دژی جەنگەوە قسەی پێ دەکەی؟

- دەزانم تۆ باوەڕ دەکەی کەئەو مەسەلەیە داهێنانی مـن نییـە، چونکە تـۆ مـن دەناسـیو مـنیش تـۆ دەناسـمو دەشـزانی چـەند دەزانمو دەشـزانم چەند دەزانیو پاشان تۆ دەتەوێ بۆ بـەرگریکردن لەمەسـەلەیەکی ڕاسـت، کـە مــن یەکـەمین کـەس نـیم بانگەشـەی بـۆ دەکـەم، زیـاتر قسـەم لێ دەربێنیو ڕوونتری بکەمەوە.

مەسـەلەکە لەسـەردەمی ڕۆشـنگەریدا پێویسـتی بەهەناسـەیەکی درێـژ هەیەو دەبێ ستەم لەناو ببرێ، چونکە تیرۆریستەکان کەمینەن.

★ ئـەدی لێکدانـەوەت بـۆ هاوسـۆزیی خـەڵك لەگـەڵ ئەوانـەی، تـۆو ئەمریکا پێیان دەڵێن تیرۆریستەکان، چییە؟

- خەڵك لەگەڵ بن لادندا هاوسۆزن، چونکە دەبینن چۆن فەلەستینییەکان دەخرێنە ژێر پێ‌و چۆن گەلی عیراق بەهۆی سزاکان‌و ئابلۆقەوە دەپلیشێندرێتەوە، کەچی سەرۆکەکەی (واتە سەدام حوسێن- وەرگێڕ) هیچ ئازارێك ناچێژێ. ئەگەرچی مەبەست لەسزاکان رژێمەکەیە نەك گەل، کە لەژێر ئازاری یاسای نێودەوڵەتیدا، کەئێستا بەرەورووی ترسێك تا تۆقاندن لەجەنگ‌و وێرانکردن دەبێتەوە، دەناڵێنێ. دەبوو رژێمی سەدام حوسێن لەناو ببرێ‌و گەلی عیراق لەئابلۆقە رزگار بکرێ، نەك گەلی عیراق لەناو ببرێت. ئەمە نەك هەر سەیرو سەمەرەیە، بەڵکو مایەی خەمیشە.

⋆ بۆ دەرباز بوون لەو دیاردەیەی پێی دەڵێی تیرۆر (ئیرهاب)، چی پێویستە؟

- لەناوبردنی ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەکەو ئەو هۆکارانەی وایان کردووە جەماوەرێکی بەرفراوان لەگەڵ کەمینەیەکی تیرۆریستی خوێنڕێژدا هاوسۆز بن. ئەم چەشنە کارەش، هەر وەك گوتم، هەناسەیەکی درێژی دەوێ‌و نەلەنێوان شەوو رۆژێکدا دەکرێ‌و نە بە بەرپاکردنی جەنگ لەدژی گەلانیش. لەو بڕوایەدام بەرپرسیارێتیی عەرەب‌و موسڵمانان ئەوەیە هاوکاری بکەن لەگەڵ ئەمریکاو رۆژئاواو روسیاو چین‌و هەموو ئەوانەدا کەزیانیان پێ کەوتووە، بۆ کارێکی وا، چونکە تەنانەت چینیش لەتشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ دا دووچاری کاری لەم

جۆره بووه لەلایەن موجاهیدانی (چینی)یەوه کەپاسێکیان لە(پەکین)دا تەقاندەوه. بەم شێوەیە تیرۆر مەترسییەکی ئاشکرایەو دەبێ بەپەرەپێدان بەرەنگاریی بکرێ، چونکە دەبێ جیهانی ئیسلامی لەرووی ئابووری و کولتورییەوه پەرەی پێ بدرێو ئەو ستەمە سیاسییەی لەفەلەستیندا هەیە، هەڵبگیرێ.

★ ئایا لەو بڕوایەدای فێرکردن، بەڕاستی، هۆکار بێت؟

- فێرکردن گرفتو گەورەترین بەڵایەو من لەشیکردنەوەی تایبەتیی خۆم، لەنووسینەکانمدا پێم لەسەر ئەوه داگرتووه کەفێرکردن لەسعودیەو دەوڵەتانی کەنداوو لەمیسریشدا، بۆ نمونە، لەسەر خوێندنەوەی فیقهی جەنگە سەلیبییەکاندا دادەمەزرێت. ڕاستیەکەی لەجەنگی سەلیبیدا موسڵمانان بەهێرشێکی سەلیبییەکان تێکشکانو جیهان کرایە دوو بەش: بەری ئیسلامو بەری کوفر، واتە ئەورووپاو ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی گشتی. دەبێ تا ڕۆژی قیامەت جیهاد لەدژیدا (واتە لەدژی بەری کوفر- وەرگێڕ) بکرێ. ئەم دروشمە وەهابییەکان لەمەملەکەتی عەرەبی سعودیدا دەیزانن‌و بەرزی دەکەنەوه، هەروەها (بن لادن)یش بەرزی کردۆتەوه. پاشان فێرکردنیش لەلای ئێمە بەشێوەی تەلقینە، واتە ئەزبەرکردنە. ئەوەی دەقە ئایینییەکان، لەهەموو ئایینەکاندا، بەبوزیو مەسیحیو جوویی‌و ئیسلامیشەوه، بەسەر پێیی بخوێنێتەوه، جیهانی لەبەر چاو دەبێتە دارستانی دڕندەکان. دەبێ

تێڕامــانو بیرکردنــەوەو ئیجتهــادکردن لەدەقــدا هــەبێت، فێرکردنــی ئێستاش، جگە لەتونس، هەموویان بەرەو ستەمکردن لە کەسانی ترو بەکافردانانو گومانبردنمان دەبەن.

٭ بۆچیو تونس بەچیدا لەدەوڵەتانی عەرەبو ئیسلامی جیایە؟

- لەتونسدا، بەکردەوە ئیسلامی رۆشنگەری لەزانکۆی (ئەلزەیتونە)دا، کەوەك زانکۆی ئەزهەرە لەمیسر، پێکهاتووەو خوێندکار تیایدا مێژووی بەراوردکاریی ئایینەکان دەخوێنێ. مێژووی بەراوردکاریی ئایینەکان مانای چییە؟ پێیدەڵێن کەئادەم ئەفسانەیەکی سۆمەرییەو جوو لەسەدەی شەشەمی پێش زایین وەریانگێڕاوە کاتێك کەدیلەکانیان بردە بابل. پاشان گەیشتە نێو مەسیحیەتو پاشان نێو ئیسلامیش. وێنەی لوت (لوط) یش بەشێکە لەداستانی گلگامشو هتد. ئیدی خوێندکار دیاردەی ئایین لەچوارچێوە مێژووییەکەی خۆیدا وەردەگرێت، نەك وەك دەقێکی لەگۆڕان نەهاتووی دابەزیو لەئاسمانەوە کە لەبەردەمیدا دەبێ بڵێ "گوێم لێیەو فەرمایشتتە". کەواتە فێرکردن بنچینەییە بۆ پێشگرتن بەتیرۆرو پێشگرتن بەدواکەوتنو پێشگرتن بەئازاردانی ژن. چونکە چۆن دەبێ رۆژگار بچێتە پێشو نیوەی کۆمەڵیش ئیفلیج کراوە؟ بۆ نموونە وەك ژن لەسعودیەدا.

٭ چیت داوە لەسعودیە، وا هەموو رەخنەکانت پێ لەسەر سعودیە دادەگری؟

- چونكه لەسعودیەدا ژن بەكەم عەقڵ دادەنرێو مافی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلی نییەو میر تەلالی بن عەبدولعەزیز واقیعیانەو زیرەك بوو كەگوتی ژن لەرۆژگاری جاهیلیەتو لەرۆژگاری ئیسلامیشدا حوشتری لێ خوڕیوە كەجڵەوكردنی لەئۆتۆمبیل لێخوڕین قورسترە، ئەدی بۆچی ئۆتۆمبیل لێ نەخوڕێت؟ كەواتە نوێكردنەوەی فێركردن بەئازادكردنی ژنو جەنگ دژی تیرۆرو توندڕەویو بیری دواكەوتوو نییە، بەڵكو بەرێگرتن لەدەسەڵاتی دەقە. واتە دەبێ ئەمانە هەبێو بیری رەخنەیی هەبێو دەسەڵاتی دەقیش هەبێت. بیری رەخنەیی ئەركی گشتیی مرۆڤە. لەسەرمانە رێ لەدەسەڵاتی دەق بگرین بەگرتنەبەری زانستی نوێی ئایینەكان، مێژووی ئایینەكان، مێژووی بەراوردكاریی ئایینەكان، دەروونناسیو مافەكانی مرۆڤ. ئێستا هەمووئەمانە لەزانكۆی ئەلزەیتونەدا دەخوێندرێن، بۆیە دەبێ لەزانكۆی ئەزهەرو زانكۆی نەجەفو شوێنە باڵاكانی ئیسلامیشدا، لەبواری فێركردنی ئایینیدا، پەسەند بكرێن تا چاو لەو زانكۆ رۆشنگەرە بكەنو خوێندكارانی ئایین زانستە نوێیەكان بخوێنن، تا زانای ئایینیی رۆشنگەرمان بۆ پێ بگەیەنن كە لەگەڵ بەها گەردوونییەكانی سەردەمەكەیان بگونجێنو خزمەتی گەلەكانیانو خزمەتی مرۆڤایەتیش بكەن.

***سەرچاوە:***

گۆڤاری (المشاهد السیاسی)، ژمارە (٣٥٠)، ٢٤- ٣٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢، ص ١٤-١٥.

# تاڵیبانە کوردەکان،
# لەبەر پێوەندییان لەگەڵ ئەلقاعیدەو بەغدا،
# بەم زووانە گورزی ئەمریکایان بەردەکەوێ

نووسینی: زوهێر ئەلدوجێلی
ئامادەکردنی: حەسەن یاسین

هەنـدێ جار بـە پشتیوانانی ئیسلام (أنصار الأسلام)و هەنـدێ جاری دیکـەش بـە(جنـد الأسـلام)و جارجـارەش بـە(تاڵیبانـە کوردەکـان) ناویـان دەبـەن. هـەموو ئەمانـە نـاوی ئـەو گروپـەن کـە ئـەمڕۆ فایلەکـەی لەسـەر مێزی سەربازیی پرۆسە سەربازییەکانی داهاتووی هاوپەیمانیی (ئەمریکی- تـورکی- کـوردی) دایـە لەکوردسـتانی عیراقـدا، کـە چـاوەڕێ دەکـرێ بـەم زووانـە ناوچـەکانی دەوروبـەری هەڵەبجـەو چـەندین ئەشـکەوتی شـاخە سـەختەکانی ناوچـەی بیـارەو تەوێڵـەو ڕۆژهـەڵاتی دەشـتی شارەزوور، کـە دەکەونە سنووری ئێرانەوە، بۆ لەناوبردنی سـەنگەری تاڵیبانـە کوردەکان،

بەچڕی بۆردومان بکرێنو هێزی لێ دابەزێنرێ. ئەوەش روون بۆتەوە کە ئەو گروپە کۆپییەکی رێکخراوی قاعیدەو تالیبانن. ئەم گروپە تیرۆریستە ئێستا بۆتە گرفتێکی گەورەی بەردەم نەهێشتنی کێشە ئەمنییەکان لەکوردستانی عیراقدا. لەلایەکی دیکەشەوە مەلا کرێکاری ئەمیری ئەو گروپە، پەناهەندەیی سیاسیی لەنەرویج لێسەندرایەوەو دەرکرا، پاش ئەوەی لەفرۆکەخانەی ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا گیرا، کە لەلایەن تارانەوە تەسلیم کرابوو، لەجێگەی خۆیدا ئەبو عەبدوڵلای شافیعی، کە ناوی راستەقینەی وریا هەولێرییە، بۆ سەرکردایەتیکردنی گروپەکە بەجێهێشت.

مەلا کرێکار کە لەهۆڵەندا گیرابوو، جگە لەدەستەی لێکۆڵینەوەی هۆڵەندی، تیمێکی (*FBI*)ی ئەمریکیش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرد. بەپێی سەرچاوەیەك کە بەرۆژنامەی (ئەلقەبەس)ی راگەیاندووە، مەلا کرێکار لەگەڵیان رێککەوتووەو هەرچیی زانیویەتی، بەتایبەت لەبارەی فایلی (زەرقاوی)، کە واشنتۆن بەرێکخەری پێوەندیی نێوان عیراقو قاعیدەی دادەنێ، پێی گوتون. هەروەها بریتانیا رۆژی ٢٠٠٣/٢/٢١ لەبڕیارێکی نوێدا هەموو سەروەتو سامانەکانی گروپی (پشتیوانانی ئیسلام)ی بلۆك کرد.

ئەوەی مایەی سەرسامییە ئەوەیە کە فایلی ئەو گروپە لەلای دەزگا ئەمنییەکانی ئەمریکاو بریتانیاو ئیدارەی کوردیش (مەبەست لەئیدارەی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتییە لەسلێمانی) کە زانیاریو بەڵگەنامەی

لەوبارەیەوە داوەتە دۆستەکانی، لەفراوانبووندایە، کە باس لەوە دەکرێ ئەو گروپە تیرۆریستە کە لەشاخەکانی رۆژهەلاتی هەلەبجەدا سەنگەریان گرتووە، چەکدارەکانیان زیادیکردووەو گەیشتۆتە (٦٠٠) کەس، کە لەساڵی پاردا کەمتر بوون‌و تا ئەم دواییەش، رەنگە ئێستاش، لەلایەن چوار دەوڵەتی ناوچەکەوە پشتیوانییان لێدەکرا، کە هەر دەوڵەتێك لەو چوار دەوڵەتە مەبەستێکی گەوهەریی خۆی هەبووە، کە ئەویش لاوازکردنی نەیارەکانی خۆی بووە. هەروەها مەبەستیان لاوازکردنی هێزی کورد بووە، ئەمە جگە لەوەی مەبەستیان ئەوە بووە پشتیوانانی ئیسلام بکەن بەدەسکەلایەکی خۆیان لەململانێیاندا بۆ دەسەلات پەیداکردن لەگۆڕەپانی کوردستانی عیراقدا، کەماوەیەك بوو لەناوخۆدا ململانێی تێکەوتبوو.

## لەئەفغانستانەوە بۆ کوردستان

ئەوەی سەیرە ئەوەیە کەتاڵیبانە کوردەکان لەڕێگەی دەوڵەتانی ناوچەییەوە، لەژێر پاساوی جیاجیاوە، پڕچەك کران، تا وای لێهات ببن بەخاوەنی چەکی قورس، کە ئێستا زاڵبوون بەسەریاندا لەتوانای ئیدارەی کوردیدا نییە، مەگەر بەچەندین شەڕی سەخت‌و درێژخایەن، بۆیە دەبێ لەگەڵ دوو دەوڵەتی دراوسێی عیراقدا، بەمەبەستی راگرتنی کۆمەکی ژێر بەژێریان بۆ ئەنسارولئیسلام (پشتیوانانی ئیسلام) قسەو باس‌و دانوستان بکرێ.

فایلی ئەو مەسەلەیە هەر لەفراوانبووندایەو سەبارەت بەپێناسی ئەم گروپە دەگوترێ: بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عیراق، کە مەلا عوسمان عەبدولعەزیزو براکانیو کوڕەکانی رابەرایەتییان کردووەو درێژەی رێکخستنی ئیخوان موسلمینە، بەدایکی ئەو هەموو بزووتنەوە ئیسلامییە میانڕەوو توندڕەوانە لەناوچە کوردییەکاندا دادەنرێ، کە گرنگترینیان بریتین لە: (بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی، حزبوڵلای کورد، بزووتنەوەی تەوحید، فەیلەقی قورئان، کۆمەڵی ئیسلامی بەسەرکردایەتیی عەلی باپیرو ئەنسارولئیسلام (پشتیوانانی ئیسلام)، کە مەلا کرێکار سەرکردایەتیی دەکردنو پاش گیرانی وریا هەولێری ناسراو بەئەبوعەبدوڵلای شافیعی بوو بەئەمیریان، کە(٣٠٠) چەکداری ئیسلامیی توندڕەوی لەگەڵدا بوو، کەبەشی زۆریان لەئەفغانستان بوونو پاش گەڕانەوەیان بۆ کوردستانو نێو بزووتنەوەی ئیسلامی جیابوونەوەو گروپی ئەنسارولئیسلام (پشتیوانانی ئیسلام) یان دروست کرد، کەبڕوای بەبیروباوەڕەکانی ئەلقاعیدەو سەرکردایەتی ئوسامە بن لادن هەیە).

بەگوێرەی بەڵگەنامەکان ئەم دروستبوونەی گروپی ئەنسارولئیسلام لە کوردستان (پشتیوانانی ئیسلام لەکوردستان) دەگەڕێتەوە بۆ حوزەیرانی (٢٠٠١)، واتە چەند مانگێک پێش رووداوەکانی (١١)ی سێپتێمبەر، کە هێزەکانی ئەمریکاش جەنگی دژە ئیرهابی لەدژی تالیبانو ئەلقاعیدە لەئەفغانستان بەرپاکرد. (راستییەکەی ئەنسار ئیسلام لە یەکی ئەیلولی ٢٠٠١ دا بەناوی جوندو لئیسلام لەکوردستان خۆی راگەیاند. وەرگێڕ).

گەلێ لەوانەی لەئەفغانستان هەڵاتن، پەنایان بردە بەر شاخەکانی دەوروبەری هەڵەبجەو ناوچەکانی تەوێڵەو خورماڵو رۆژهەڵاتی دەشتی شارەزوور.

پاش تێکشکانی تاڵیبانو دیارنەمانی مەلا عومەرو ئوسامە بن لادن، ئەبوعدوڵلای شافیعی لەرادیۆ ناوچەییەکەی خۆیانەوە، لەهەورامانەوە، رایگەیاند کەئەوو گروپەکەی شێخ ئوسامە بن لادن بەشێخو نمونەی باڵای خۆیان دەزانن، جگە لەرێبازەکەی ئەو، بڕوایان بەهیچ رێبازێکی تر نییە.

## جیهادەکەیان بەکوشتنی کورد دەستی پێکرد!

بەڵگەنامەکان دەڵێن پاش ئەوەی تاڵیبانە کوردەکان لەهەورامان سەنگەریان گرت، بوونە رێگر لەبەردەم ئەو خزمەتگوزارییانەی کەئیدارەی حکومەتی سلێمانی لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا پێشکەش بەو ناوچەیان دەکرد. هەروەها جۆرێك لەژیانیان بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا سەپاند کە لەرۆژانی حوکمڕانیی تاڵیبان لەئەفغانستاندا پێڕەو دەکرا. هەروەها دەستیان کرد بەگرتنی لایەنگرانی پارتە کوردییەکانو کوشتنیان، لەرادیۆ ناوچەییەکەشیاندا بڵاویان کردەوە کەکوشتنی ئەم کافرە مولحیدانە واجبێکی ئیسلامییەو بەپێی زەرورەتی پاککردنەوەی خاك لەو (موفسید)و پیسانە، کارێکی حەتمییە لەسەرمان.

ئەو گروپە پاش ئەوەی دەستیان بەسەر هەردوو شارۆچکەی بیارەو تەوێڵەی سەرسنووری ئێراندا گرت، ٤٣ کوردیان سەربڕیو لەدوو

بەیاننامەدا کەرادیۆ ناوچەییەکەیان بڵاویکردنەوە، رایانگەیاند کەسەربڕینی ئەمانە جیهادە لەپێناوی پاکتاوکردنی عەلمانییەکانو دوژمنانی ئیسلامو چەسپاندنی رێنماییەکانی ئیسلام. هەروەها رایگەیاند کەئەندامانی پارتە کوردستانییەکان کافرنو دەبێ جەنگیان لەدژدا بەرپابکرێ. دوای ئەم کوشتارە هێزەکانی یەکێتی هێرشێکی گەورەیان کردە سەریانو ئەو ناوچانەیان لێ سەندنەوە کەلەو هەڵمەتەدا دەستیان بەسەردا گرتبوو، جگە لەدەستگیرکردنی گەلێ بەڵگەنامەو زانیاری لەبارەی چالاکییەکانیانو پێوەندییان بەئەلقاعیدەو رژێمی عیراقەوە.

کە تاڵیبانە کوردەکان بەرەو سنوور راونران، تاران لەرێگەی نووسینگەی خۆیانەوە لەسلێمانی، کەوەك قونسوڵخانەیەك وایە، کەوتنە ناوبژیوانیو سازدانی گفتوگۆ لەنێوان ئەنسارولئیسلام (پشتیوانی ئیسلام)و (یەکێتی)دا، بەڵام زۆری نەخایاندو پشتیوانان دەستیان دایەوە شەڕ.

## پشتیوانیی بەغداو.. دیارییەکانی بن لادن

فایلی پشتیوانان (ئەنسار) گەلێ زانیاریی لەخۆگرتووە، وەك ئەوەی کە پشتیوانان لە هاوپەیمانێتیی چەند گروپێك پێکهاتوون، لەوانە گروپی تەوحید کە(ئەبو قەتادە) سەرۆکیانە، رێکخراوی حەماسی کوردی کەمەلا عومەری بازیانی سەرۆکیانە، هێزی دووی سۆرانو باڵی مەلا کرێکارو ئەسعەد محەمەد حەسەن کە پاش جەنگی ئەمریکا دژ بەتاڵیبان،

لەئەفغانستانەوە هاتە كوردستان. هەمووو ئەمانە یەكیان گرتو مەلا كرێكار بوو بە ئەمیریانو پاشان كە گیرا وریا هەولێری ناسراو بە ئەبوعەبدوڵڵای شافیعی بوو بەئەمیریان، كەئەنجومەنێكی ئەمیرایەتیی هەیەو لەچوار كەس پێكهاتووە، كە لەئەفغانستانەوە پەنایان بردۆتە بەر ئەو ناوچەیە.

بەڵگەنامەكان باس لەبوونی پێوەندی ئەم گروپە لەگەڵ موخابەراتی عیراقیدا دەكەن، كە لەڕێگەی چەند ئەفسەرێكەوە بەڕێوە دەچێ، كەناوی نهێنیان لەخۆیان ناوەو ئەركی گەیاندنی كۆمەكی چەكو دەزگاكانی پێوەندیكردنیان، بەناوی بازرگانیی چەكو قاچاخچییەكانی چەكەوە، لەئەستۆگرتووە، بۆ ئەوەی رژێمی عیراق وەك هۆیەكی نانەوەی كێشەی ئەمنی لەو ناوچەیە سوودیان لێ وەربگرێ.

زانیارییەكان باس لەوە دەكەن كە ئوسامە بن لادن پیرۆزبایی دامەزراندنی ئەنسارولئیسلام لە كوردستان (پشتیوانانی ئیسلام لەكوردستان)ی لەو گروپە كردووەو (ئەبوعەبدوڵڵای شافیعی) لەكۆنگرەی دامەزراندنی گروپەكەدا كەعەسری رۆژی یەكی سێپتێمبەری (٢٠٠١) لەشارۆچكەی تەوێڵەی سەرسنووری ئێراندا بەسترا، بروسكەیەكی بن لادنی خوێندۆتەوەو ئوسامە بن لادن بەو بۆنەیەوە بڕی (٦) ملیۆن دیناری عیراقی (بەرامبەر بە"٣٠٠" هەزار دۆلاری ئەمریكی) پارەی بەدیاری بۆ ناردوون.

شــیاوی باســە ئــەبو عەبــدوڵڵای شــافیعی لەســەربازگەکانی قاعیــدە لەئەفغانســتان مەشــقی پێکــراوە، لەشــەڕەکانی دژ بــەهێزەکانی روســیا لەچیچـانیش بەشـداریی کـردووە، پـاش گیرانـی مـەلا کرێکـار، بەئـەمیری پشـتیوانان هەڵبـژێردرا بـەئامادەیی هەنـدێ لەعەرەبـە ئەفغانـەکان وەك (ئەبو وائیل‌و ئەبو دەرداو وئـەبو یاسـر)، کـە ئەمانـە بەشارەزاو پسـپۆری بواری تەقینەوە دادەنرێن.

هــەروەها زانیارییــەکان بــاس لــەوە دەکــەن کەمــەلا ئاســۆ هــەولێری کەبەرپرسی هێزەکانی دووی سۆران بووەو باڵێکی سەرەکیی دروسـتبوونی پشتیوانانی ئیسلام بووە، کوردێکی عێراقییەو لەساڵی ١٩٦٢ لەدایك بـووەو لەبواری جیۆلۆجیدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیەو لەساڵی ١٩٩١ دا چۆتە ریزەکانی بزووتنـەوەی ئیسـلامی لەهـەولێرو نـاوی راسـتەقینەی ئەسـعەد محەمەد حەسەنە.

## سێ کەس دیارییەکەی ( بن لادن ) یان گەیاند

زانیــــاری‌و بەڵگەنامـــەکانی لای یـــەکێتی‌و ئەوانـــەی لای دەزگـــا ئەمنییــەکانی ئەمریکاشــن بــاس لــەوە دەکــەن کــە ســێ کەســی ســەر بەرێکخراوی قاعیدە، کە لەئەفغانستانەوە هاتبوونە کوردستان، نامەیەك‌و دیارییان لە(بن لادن)ەوە بـۆ کۆنگرەی دامەزرانـدنی گروپـی (پشـتیوانانی ئیسلام) هێنا بوو، کە ئەوانیش بریتین لە(ئەبو موسعەب ئەلپـۆلەمپی)ی سوری کەیەکێکە لەئیخوانە چالاکەکانی سـوریاو ئـەو وڵاتـە، دوای گیرانـی،

داوای خۆیو فایلەکەیان لە(یەکێتی) کردووە. دووەمیش عەبدولقادر عەبدولعەزیزە کەهاووڵاتییەکی میسرییەو پێشتر لەشاری (پیشاوەر)ی پاکستان نیشتەجێ بووە. سێیەمیشیان (ئەبو بەسیر)ە کەهاووڵاتییەکی ئوردەنییەو ناوی (عەبدولمونعیم موستەفا)یەو ئەم سێ کەسە بەرێکخەری پێوەندییەکانی نێوان رێکخراوی قاعیدەو لقەکانی دادەنرێنو دووانیان پێشتر لە لەندەن بوونو چوونەتە کوردستان.

## نامەی گیرفانی کوژراوێك

پاش رووداوەکانی (١١)ی سێپتێمبەر شەڕ لەنێوان پشتیوانانی ئیسلامو هێزەکانی یەکێتی بەرپابوو، کە گەڵێ کوژراوی لێ کەوتەوەو نامەیەك لەگیرفانی یەکێك لەکوژراوەکانی (پشتیوانانی ئیسلام)دا لەلایەن هیزەکانی (یەکێتی)ەوە دۆزرایەوە. نامەکە ئیمزای (ئەبو تەڵحە)ی لەسەرە کە بۆ کەسێك نێردراوە بەناوی (ئەبو عەبدولڕەحمان) کە کەسێکی نەناسراوەو دیارنییە لەکوێ نیشتەجێیە. لەنامەکەدا هاتووە کە(هێزەکانی کوفر سوورن لەسەر لێدانی موسڵمانانو چەکەکان گەیشتوونو هێشتا دابەش نەکراون). هەروەها نامەکە باس لەو هەواڵانە دەکات کەئاژانسەکانی هەواڵ لەبارەی ئەو لیستە رەشەوە کەئەمریکا سەبارەت بەرێکخراوە ئیرهابییەکان خستویەتیەڕوو دەدوێ و دەڵێ (زۆر لەبرایانمان داوامان لێدەکەن بچینە پاڵ هێزی گورز وەشێن "القوة الضاربة"و منیش پێمگوتون ئەگەر من

خۆم نـەتوانم بچـم چۆن ئێـوە بنێـرم؟). ئـەوەی نامەکـە باسـی کـردووە مەبەست لەوەیە کـە هەنـدێ لـە ئەنـدامانی گروپـی پشـتیوانانی ئیسلام داوایـان کـردووە بچنـە ئەفغانسـتانو دژ بـەهێزەکانی ئـەمریکا بجـەنگن، بـەڵام بـەهۆی داخراویـی ڕێگاکانـەوە نـەیانتوانیوە بچـن. هـەروەها بەڵگەنامەکان باس لەوە دەکەن کە دوای ڕووخانی تاڵیبان گەلێ ئەنـدامی قاعیدە لەڕێگەی ئێرانەوە لەئەفغانستانەوە هاتوونەتـە نێـو پشـتیوانانی ئیسـلام، کەهـەموویان نـاوی نهێنییـان هـەبووەو پێدەچـێ هەنـدێکیان چووبن بۆ بەغدا یان باشووری عـێراق، وەك (ئـەبو حـازم، ئـەبو ماجیـد، ئەبو سەلمان، ئەبو سەیف).

## ئەبو موسعەب زەرقـاوی لای ئەوانە

زانیارییـەکان بـاس لـەوە دەکـەن کـە یـەکێك لەئەندامـە دیارەکانیـان، کە(ئەبو عەبدوڵلا ئەلشامی)یە بـەم دواییـە لەشـەڕێکدا لەگـەڵ هێزەکانی (یـەکێتی) کـوژرا. نـاوبراو کـە یـەکێك بـووە لەعەرەبـە ئەفغانـەکان نـاوی ڕاستەقینەی (نـورەدین)ەو بەرپرسـی دارایـی ڕێکخراوەکـە بـووەو لەلایـەن ڕێکخـراوی قاعیـدەوە ڕێگـەی پێـدراوە کۆمەکـە داراییـەکان وەربگـرێو سـەرۆك وەزیرانـی ئـوردەن (عـەلی ئـەبو ئـەلراغب) یـش لەلێدوانێکیـدا ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە نەخشـەدانەری پرۆسـەی کوشـتنی دپلۆمـاتێکی ئەمریکی لە(عەممان)ی پایتەختی وڵاتی ئوردەن، کـە نـاوی (فضـیل نـزال الخلایلـة)ەیـەو بـە(ئـەبو موسـعەب زەرقـاوی) ناسـراوە لەناوچـەیەکی

کوردستاندایە. هەروەها زانیارییەکانی نێو فایلی پشتیوانان باسی ئەوەشی تیایە کە(ئەبو عەبدوڵلا ئەلشامی) پێش جەژنی قوربان لەهێرشێکی پشتیواناندا، کە بەسەرکردایەتیی (عەبدوڵلا خەلیفانی) ئەنجامدرا کوژراوە، بەڵام گروپی پشتیوانان ئامادە نەبوون ناسنامەکەو کوشتنەکەی رابگەیەنن، چونکە پێدەچێ ناوبراو بەرپرسێکی بەرزی رێکخراوی قاعیدە بێتو پاش ئەوەی پەنای هێناوەتە بەر (پشتیوانان لەکوردستان) خۆی لەژێر ئەم ناوەدا حەشار دابێت، بەڵام قەدەر وایکرد لەو شەڕەداو لەکوردستان بکوژرێت.

## ئەمیری (الجماعة السلفیة العراقیة)

دەزگاکانی ئاسایش لە سلێمانی هەندێ زانیاریی دیکەشیان سەبارەت بەپێوەندیی گروپی (پشتیوانان) بە(ئەلقاعیدە)و موخابەراتی عیراقیو چەند رێکخراوێکیترەوە لایە. لەنێو ئەو (٢٦) تەرمەی کە گروپی (پشتیوانان) لەشەڕەکانی مانگی تشرینی یەکەمی رابردوودا لەگەڵ هێزەکانی یەکێتی، لێیان بەجێما، تەرمی دوو عەرەب ئەفغانی عیراقیی تێدا بوو، کە یەکێکیان (موخلیس علیوی)ی خەڵکی شاری (حەبانییە)ی باشووری عیراقو ئەوی تریش خەڵکی شاری رومادی (ئەلئەنبار)ی رۆژئاوای عیراق بوو. هەروەها تەرمی دوو کەسی بەرەگەز ئەفغانیش دۆزرانەوە، لەگەڵ چەند دەفتەرێکی بیرەوەریو چەندین وێنە کە لە سەربازگەکانی ئەلقاعیدە لەئەفغانستاندا گیراون، (٢٠) کەسیشیان لێ

بـەدیل گـیرا، کەهـەمووبان دانیـان بـەوەدا نـاوە کـە چـەندین چـەکداری عەرەبی خەڵکی سوریاو عیراقو میسرو یەمەنیان لەگەڵدایە، لەوانە (ئەبو وائیل)ی ئەمیری گروپی سەلەفیی عیراقی کەناوی راسـتەقینەی (محەمـەد عەبدوللەتیف ئەلعانی)یەو دەستی لەتەقاندنەوەی دوکانەکانی مەیفرۆشی لەناوچەی ئەلئەعزەمییە(الأعظمیة)ی بەغـدا دا هەیـە، کـە چـەند سـاڵێك پێش ئێستا ئەنجامدران.

- نووسەر ئەم بابەتەی لەواشنتۆنەوە بۆ رۆژنامەی ئەلقەبەس(القبس)ی کوێتی نووسیوە.

## کازم ئەلحوت:

# ئەیمەن ئەلزەواهیری
# داوای لەسەدام کرد ببێتە ئەمیرولموئمینینو
# رابەرایەتیی هەڵمەتی ئیمان بکات

**چاوپێکەوتنی: ئەحمەد ئەمین**

سەرەڕای نکوڵیکردنی بەغدا لەپێوەندیو هاوکارییان لەگەڵ رێکخراوی ئەلقاعیدەو رێکخراوی پشتیوانانی ئیسلام کە لەشاخەکانی هەورامانـدا سـەنگەریان گرتـووە، کەچـی ئـەو ئەفسـەرە عیراقییانـەی موخابـەراتی عیراقـی کەئەڵقـەی پێوەنـدیی نێـوان پشـتیوانانو دەسـەڵاتی بەغـدابوونو ئێستا لەلایەن هێزەکانی یەکێتییـەوە دیلکـراون، راسـتیی ئـەو پێوەنـدیو هاوکارییانـە دەردەخـەن، بەتایبـەت کـە دانپێدانانـەکانیان بەخواهیشـتی خۆیان بووە، پـاش ئـەوەی تاوانـەکانی ئـەو رژێمـەی کاریـان بـۆی کـردووە، بووە بە مایەی دەردەسەریو خواردنی سەری دۆستە نزیكو دوورەکانی.

ئـەوەی مایـەی سەرسـوڕمانە ئەوەیـە کـە بۆچـی تـا ئێسـتا یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان نـەیتوانیوە ئـەو گروپـە لـەناوبباتو هەنـدێ لەشیکارە سیاسییەکان پێیانوایـە یـەکێتی بەئەنقەست ئـەو گروپـە لـەناو نابات تا وەك کارتێك بەکاریان بێنێتو بۆ لێدانی گروپـە ئیسلامییەکانی دیکـەش بیانکـا بەبیانوویـەك. هەنـدێکی دیکـەش وای بۆچـوون کـە (یەکێتی) حەز دەکا ئەمانە بمێنن بۆ ئەوەی، بـۆ لـەناوبردنیان، لـە لایـەن ئـەمریکاوە پشـتیوانیی چەكو لۆجسـتیی پـێ بـدرێ. بـۆ ئـەم مەبەسـتە چـاومانکەوت بـە بەرپرسـێکی ئاسایشـی هـەرێم لەسـلێمانیو داوای کـرد ناوی نەهێنینو ئێمەش داوامـان لێکـرد راشکاوانە وەڵامـی پرسـیارەکانمان بداتـەوە، ئـەویش گـوتی سـەرنەکەوتنی یـەکێتی لـە لـەناوبردنی گروپـی پشتیوانانی ئیسلام (پاك) لەبەر ئەو هۆیانە نییە کە لەسەرەوە باسکرانو لەبـەر ئـەو هێـزەش نییـە کەئـەو گروپـە هەیانـە، بـەڵکو لەبـەر چـەند هۆیـەکی جوگرافیو سیاسـییە. ئـەو گروپـە لەناوچـەیەکی شـاخاویی زۆر سەختدان کەدەکەوێتە بیارەو تەوێڵە. ئەمە جگە لـەوەی ناوچـەکانی ئـەو گروپـە دەکەوێتـە نێـوان ناوچـەکانی دوو گروپـی ئیسـلامی کـە دۆسـتی (یەکێتی)ن، ئەوانیش گروپی (بزووتنەوەی ئیسلامی) بەرابەرایـەتی مـەلا عەلی عەبدولعەزیزو (کۆمەڵی ئیسلامی)ن کە عەلی باپیر ئەمیریانە، ئەمـە جگـە لـەوەی کەبنکـەو بارەگاکـانی (پشـتیوانان) بەتـەواوی هاوسـنووری خاکی ئێرانە، بۆیە (یەکێتی) ناتوانێ هێرشێکی یەکلاکەرەوەو سـەرلەبەر بکاتە سەر ئەو گروپە، چونکە ئەمە هەم کێشـەی لەگـەڵ ئـەو دوو لایەنـە

ئیسـلامییەو هـەم لەگـەڵ ئێـران لێ دەکەوێتـەوە. سـەرەڕای ئـەوەش چـەکدارەکانی ئـەو گروپـە لەشـاخی ((شـەهرام))دا ئەشـکەوتی قـوڵو سـەختیان هەڵکەنـدووە کـە لـەبۆردومانی تـۆپی ئاسـایی دەیانپـارێزێو هـەموو هێڵـەکانی بەیەکترگەیشـتن (تـەماس) لەگـەڵ هێزەکـانی (یەکێتی)یشیان مینرێژکردووە. ئەو بەرپرسەی ئاسایش ئـەوەی دەربـڕی کـە بەداخـەوە بزوتنـەوەی ئیسـلامیو کۆمـەڵی ئیسـلامی هاوکارییـەکی ئەوتۆی (یەکێتی)یان بۆ لەناوبردنی ئەو گروپـە نـەکردووە، ئاماژەشـی بـۆ ئـەوە کـرد کەتەحسـین کـوڕی مـەلا عـەلی عەبدولعـەزیزی رابـەری بزوتنـەوەی ئیسـلامی، بـەکردەوە، بەیـەکێك لەسـەرکردەکانی پشـتیوانان (پاك) دادەندرێ.

بـۆ روونکردنـەوەی هـەموو ئەمانـەی لەسـەرەوە باسمـان کـرد چـاومان دەکەوێ بە کازم ئەلحوت (کاظم الحوت) کە یەکێکە لـەو کەسـانەی ئێسـتا لەلایەن (ئاسایش لەسلێمانی)یەوە گیراون:

⋆ ناوت چییە؟

- ئەبوئیمان ئەلبەغدادی.

⋆ ناوی تەواوت، نەك نازناوت؟

- پێویست ناکات.

⋆ دەتوانم نـاوی تـەواوت لەبەرپرسـانی ئاسـایش وەربگـرم، چـونکە ئـەم چاوپێکەوتنە بۆ من بەڵگەنامەییە؟

-خـۆم داوام لەبەرپرسـانی ئاسـایش کـردووە کـە لەچـاوپێکەوتنە رۆژنامەوانییەکانـدا نـاوم ئاشکرا نەکەن، بـەڵام دیارە تـۆ سووری لەسـەر ئـەوەی بیزانـیو پێدەچـێ بشـتوانی ناوەکـەم ئاشـکرا بکـەی، بۆیـە پێـت دەڵێمو ناوی تەواوم (کازم حوسێن محەمەد)ە.

* نازناوت (ئەلحوت)ەو نهێنیی ئەم نازناوە چییە؟

- ساڵی ١٩٩١ (سـەدام کامـل)ی بـرای (حوسـێن کامـل) ئـەو نازنـاوەی پـێ بەخشـیم، پـاش ئـەوەی چـالاکییەکم لـەزۆنگاوەکانی باشـووری عیراقـدا ئەنجامـدا، ئـەویش ئـەوەبوو کـە بـەر لـە وشـککردنی زۆنگاوەکـان لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی حکومـەتی بەغـداوە سـەنگەرێکی هێزەکـانی ئۆپۆزسـیۆن هەبوو، کە هێزە سەربازییەکانی عیراق پێیاننەدەگیرا، مـن جلـەکانی خـۆم داکەنـدو کلاشـنکۆفێکم بەدەسـتەوە گـرتو بەمەلـە خـۆم گەیانـدە ئـەو سـەنگەرەو دەسـتم کـرد بەسـەرقاڵکردنیان تـا هێـزی سـەربازی گەیشـتنو سەنگەرەکەیان گـرت. ئەمـەش بـوو بـەهۆی ئـەوەی کـەنازناوی (ئـەلحوت) واتە (نەهەنگ)م لەلایەن (سەدام کامل)ەوە پێ ببەخشرێ.

* پلـەی حزبیـت لەبەعسـداو پلـەت لەسـەربازیدا چـییەو تاچـەندت خوێندووە؟

- (نەسـیر موتەقـەدیم)م لـەحزبی بەعسـداو لـەدەزگای موخابەراتیشـدا پلەم ئەفسەری نەقیبەو شەشی ئامادەییم تەواوکردووە.

* کەی گیرای؟

- لە١٢ای شوباتی ٢٠٠٢دا لەنێو شاری سلێمانیدا گیرامو لەساڵی (١٩٩٩)وە هاتبووم.

* لەدەزگای موخابەراتدا لەچ (شوعبە)یەکدا داندرابووی؟

- شوعبەی نەهێشتنی سیخوڕی، بەشی ئێرانو بەشی ئۆپۆزسیۆنی عیراق. ئەرکی سەرەکیم چوونەنێو ریزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراق، بەتایبەت ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعیراقو کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەیەوەبوو، بەڵام پاشان کارەکەم زیاتربوو.

* مەبەستت چییە لەزیاتربوونی کارەکەت؟

- ئەرکەکەم لەسەر یەك لایەن بوو، بەڵام پاشان کارەکەم هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بە(ئەنجومەنی باڵا)و (یەکێتی)و (پارتی)و پارتەکانی ترو رێکخراوە بیانیەکانی لەناوچەکەدا گرتەوە. هەروەها گروپە توندڕەوەکانی هەرێم وەك (جوندولئیسلام)، یان کە پێیدەڵێن (پشتیوانانی ئیسلام: أنصار الاسلام).

* چەند جار سەردانی پشتیوانانی ئیسلامت کردووە؟

- زیاتر لەپێنج جار لەهەردوو ناوچەی بیارەو تەوێڵە.

* کێت بینی؟

- عەقید (ئەبو وائیل) واتە عەقیدی موخابەراتی عیراق سەعدون مەحمود ئەلعانی.

* پێوەندیی دەزگای موخابەرات بەپشتیوانانی ئیسلامەوە چۆنە؟

- وەکو پێشتر بۆم باسکردی ئەرکی من تەنیا بەئۆپۆزسیۆنی عیراقەوە پەیوەست بوو، بەڵام پاش کوشتاری خێڵی حەمە لەتشرینی یەکەمی (٢٠٠١)دا کەپشتیوانانی ئیسلام دژی هێزەکانی یەکێتی ئەنجامیانداو ئەوکات من لەبەغدا بووم، معاونی سەرۆکی دەزگای موخابەرات عەمید روکن (حەسیب)، سەرەڕای ئەرکی پێشووم، ئەرکێکی نوێی پێ سپاردم‌و سەبارەت بەسروشتی ئەو ئەرکە لێم پرسی، گوتی: ((دەمانەوێ بچیتە لای پشتیوانانی ئیسلام‌و رەمزێکی نهێنیت دەدەینێ کەچاوپێکەوتنت بۆ لەگەڵ کەسێك لەو گروپەدا ئاسان بکات. گوتم بۆچی منتان بۆ ئەو ئەرکە هەڵبژاردووە؟ قابیلە یەکێك نەبێ ئەڵقەی پێوەندیی نێوان ئێوەو پشتیوانانی ئیسلام بێت؟ گوتی: ((پێوەندیمان پچڕاوەو کەسێکی گرنگ لەو گروپەدا هەیە پێیدەڵێن ((ئەبو وائیل))، دەبێ بەدوایدا بگەڕێی‌و بیدۆزیتەوەو ببینی‌و پاشان رەمزێکی نهێنیی دامێ. رێگاکەم بەچەند قۆناغێك بڕی تا گەیشتمە ناوچەی تەوێڵەو لەلایەن چەکدارەکانی پشتیوانانەوە گیرام‌و برامە لای (ئەبو وائیل)و رەمزە نهێنییەکەم پێگوت‌و لێم پرسی داخۆ بۆچی پێوەندییان بەدەزگای موخابەرات لەبەغداوە پچڕاوە؟ لێی پرسیم: ((بەئاسانی گەیشتیتە ئێرە؟)) گوتم: ((نەخێر. چونکە ئاسایش‌و پێشمەرگەی (یەکێتی) رێوشوێنی ئەمنیی توندیان گرتۆتەبەرو ناوچەکانی دەوروبەری پشتیوانانی ئیسلامیان ئابڵۆقەداوە)). ((ئەبو وائیل))یش گوتی: ((بۆیە ئێمەش ناتوانین ئەبو نور کەئەڵقەی پێوەندیمانە (کە نەقیبە لەموخابەرات‌و ناوی سەعدە)

بنێـرین بـۆ بەغـدا)). پاشـان سـڵاوی (عەمیـد روکـن حەسـیب)م بەئـەبو وائیل گەیاندو گوتم داوای لێت کردووە پێوەندی نوێ بکەیتەوە، تەنانـەت ئەگـەر لەڕێگـەی هێڵـی دووەمـیش، واتـە باڵێوزخانـەی عـیراق لەتارانـەوە بێتو لەتارانەوە پێوەندی بکرێ بەباڵوێزخانەی عیراق لەقەتـەر، کـەهێڵی سێیەمی پێوەندی نێوان پشتیوانانو موخابەراتی عیراقییە.

پاشان فیلمێکی ڤیـدیۆیی دامـێ کـە وێنـەی کوشـتارەکەی خێڵـی حەمـە بـوو بەدەسـتی چـەکدارەکانی پشـتیوانانی ئیسـلامو منـیش فیلمەکـەم گەیاندە دەزگای موخابەرات لەبەغدا.

⋆ ئایا سەردانی باڵێوزخانەی عیراق لەتارانت کرد؟

- بـەڵێ راپەڕێنـەری کاروبارەکـان (عەبدولسـەتار ئـەلڕاوی)م لـەکاتی یارییەکی تۆپی پێی نێوان هەڵبژاردەی خوێندکارانی عیراقو هەڵبـژاردەی ئێرانی لەستادی (ئازادی) لەتاران بینیو نامەیـەکم دایـە راهێنـەری ئێمـە کە (حوسێن سەعید)ە، کەپێشتر یاریکەرێکی عیراق بوو، ئێسـتا سـکرتێری (عودەی سەدام حوسێن)ە، ئەویش نامەکـەی گەیانـدە دەزگای موخابـەرات لەبەغدا.

⋆ ئایا دەتەوێ بڵێی حوسێن سەعید سەر بەدەزگای موخابەراتە؟

-بەدڵنیاییـەوە، چـونکە کەسـێك نییـە کـە لەلیژنـەی ئۆلۆمپیـدا ئـیش بکاتو پێوەنـدیی بـەدەزگای موخابەراتـەوە نـەبێت، بەتایبـەت یاریکـەرە دێرینەکان.

من خۆم که لەسلێمانی بووم ئەڵقەی پێوەندیی نێوان منو موخابەرات لەبەغدا، یاریکەری دێرین (رەحیم کەریم) بوو کە لەساڵانی حەفتادا لەگەڵ فەلاح حەسەنو دەستەیەکدا یاریکەری بەرگری بوو لەهەڵبژاردەی عیراقدا. رەحیم کەریم گرێبەستێکی لەگەڵ تیپی یۆهان لەسلێمانی هەبوو لەبەغداوە بەرەزامەندی (عودەی سەدام حوسێن) هاتبوو، لەهەمان کاتیشدا ئەڵقەی پێوەندیی نێوان منو موخابەرات بوو. هەر زانیارییەکی بەپەلەم دەستبکەوتایە بەئاسانی دەیگەیاندە بەغداو جێگەی گومانیش نەبوو.

★ سروشتی ئەو ئەرکانە چین کەموخابەرات بەپشتیوانانی ئیسلامی سپاردووە؟

- برا، چیرۆکی پشتیوانان درێژە.

★ من مێژوو و هەلومەرجی دامەزراندنیت لێ ناپرسم، حەزدەکەم بزانم موخابەرات چیی لەپشتیوانان داوا دەکرد؟

- یەکەمین شت تێکدانی ئاسایشو ئارامی لەهەرێمی کوردستاندا. دووەم جێبەجێکردنی کردەوەی تیرۆریستی، کە راستەوخۆ لەدەزگای موخابەرات لەبەغداوە فەرمانیان پێدەکرێ، بەبێ ئەوەی ئەندامانی ئەو گروپە، ئەو لایەنە، بزانن کە فەرمانەکەی پێداون، چونکە فەرماندەکانی پشتیوانان دەڵێن فەرمانی ئەو کردەوانە لەلایەن (ئوسامە بن لادن)ەوە دەردەچێت، یان پێیاندەڵێن ئەو کردەوانە لەپێناوی خودای

گەورەدایەو هەر ئەرکێك کەموخابەرات داوای لێ کردبن جێبەجێیان دەکرد.

* چۆن ئەندامانی ئەو گروپە گومانیان لە (ئەبو وائیل) نەکردووە کەپێوەندیی بەدەزگای موخابەراتەوە هەیە؟

- گومانیان لەئەبو وائیل هەیە، بەڵام بەڵگەیان لەسەری نییەو (ئەبو وائیل)یش چەندین راپۆرتی بۆ دەزگای موخابەرات بەرزکردۆتەوەو باس لەوە دەکات کەهەندێ لەپشتیوانان گومانی لێدەکەن، بەڵام لەو راپۆرتانەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەو (هەندێ کەس)انەی پشتیوانان، دەلیلێکی وایان نییە کە گومانەکەیان بکا بە یەقین. جارێکیان ئەمانە لەبارەی ئەو پارە زۆرەوە کە لەدەزگای موخابەراتی بەغداوە گەیشتبووە دەست (ئەبو وائیل) لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردو موخابەرات پێیان گوتبوو بڵێ گوایە ئەم پارە زۆرەی لەلایەنگرانی بزووتنەوەی سەلەفی لەرومادیو بەغداوە پێگەیشتووە. ئەم پارەیەش بۆ کڕینی چەكو دامەزراندنی تاقیگەیەکی دروستکردنی کەرەستەی کیمیایی بوو.

* ئایا ئەم تاقیگەیە دروستکرا؟

- بەڵێ. ماوەیەکی زۆرە.

* چی بەرهەم دێنێ؟

- مادەی T. N. T و هەندێ ژەهری کوشندە.

* ئایا ئەمە مانای وایە کە پشتیوانان توانای دروستکردنی چەکی کیمیایی هەیە؟

- بەڵێ. کەرەستەو پسپۆڕی هەیە. زۆربەی پسپۆڕەکان دەرچووی ((تصنيع عسکری)) بەغدانو پێشتر ماوەیەکی زۆر لەئەفغانستان ئیشیان کردووەو تاقیکردنەوەیان لەسەر ئاژەڵ کردووەو سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە.

* چی لەبارەی ئەو سەربازگەو بنکانە دەزانی، کە گوایە، بەغدا بۆ رێکخراوی ئەلقاعیدەی کردوونەتەوە؟

- ئەو سەربازگانە نوێ نینو کۆننو لەبنەڕەتدا لەساڵانی هەشتاکاندا بۆ رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی دروستکراون. بۆ نموونە کەتیبەی (٩٩٩) لەسوێرە هەیە کە بەسەربازگەی سەرەکی دادەنرێ. هەروەها لەبارەگای هەندەسەی سەربازی لە (خان بەنی سەعد) کە بارەگایەکی تایبەتە بەفێرکردنی تەقینەوەو سەربازگەیەکیش لەئەبو غرێب هەیە کە تایبەتە بەخولی وەرزشیو خولەکانی هێزی تایبەتو لەسەربازگەی (تاجی)یشدا خولەکانی پێوەندیو پێوەندیی تەلدارو بێتەل (موخابەرەی سلکیو لاسلکی) لەسریەی دوودا ئەنجام دەدرێنو ئەندامانی موجاهیدینی خەڵقی ئێرانیش لەهەمان ئەو سەربازگانەدا خولی راهێنانیان پێ دەکرێ کە بۆ ئەندامانی رێکخراوی ئەلقاعیدە بەکاردەهێنرێن.

* ئایا خۆت کەسی رێکخراوی ئەلقاعیدەت دیوە لەوێ راهێنرابێت؟

- بەڵێ. ئەمانە ماوەیەکی زۆرە لەعیراقن.

* لەوانەی دیوتن کێ لەهەمووی ناسراوترە؟

- دکتۆر (ئەیمەن ئەلزەواهیری)، کە وەك لەبیرم بێت ساڵی ١٩٩٢ بوو بینیم. ئەوکات من بەرپرسی حیمایەکانی سەدام کامل بووم. رۆژێك پێی گوتم میوانێکی گرنگ لەئەردەنەوە دەگاتە بەغداو دەبێ بایەخی پێ بدرێو بەگەرمیەوە پێشوازیی لێ بکرێ، کە ئەویش (ئەیمەن ئەلزەواهیری) بوو. لەمیوانخانەی (رەشید)مان دانا. ئەلزەواهیری لەگەڵ سەدام حوسێن کۆبوەوەو چەندین جار سەردانی ئەو سەربازگانەی کرد.

★ ئەدی (ئەبو موسعەب ئەلزەرقاوی)؟

- کەسێکی ئوردەنییەو خەڵکی سەڵت (السلط)ە لەئوردەن. یەکێکە لەوانەی کە ساڵانێکە لە بەرژەوەندیی موخابەراتی عیراق کاردەکا.

★ چۆنو کەی ناسیت؟

- خۆم نەمدیوە. بەڵام فایلە تایبەتیەکانیم لەدەزگای موخابەرات لەسەرەتای نەوەدەکانەوە خوێندۆتەوە. ئەو فایلانە زانیاریی تەواویان لەبارەی ئەلزەرقاویو ئەوکارانەی کە بۆ دەزگای موخابەرات کردوونیو سروشتی چالاکییەکانی لەنێو رێکخراوی ئەلقاعیدە گرتۆتە خۆیان.

★ ئەو کردەوانە چین کە ئەلزەرقاوی جێبەجێی کردوون؟

- زۆرن، لەوانە غافڵکوژکردنی (محەمەد مەهدی ئەلحەکیم) برای (محەمەد باقر ئەلحەکیم)ی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعیراق، لەشاری (خەرتوم)ی سوداندا. کردەوەکانی کوشتنی غافڵکوژی، هەڵبەتە هەندێکی لەلوبنان جێبەجێ کردووەو هەندێ بەرپرسی

لـەئێرانیش غـافڵگوژ کـردووەو بەهـەمان شـێوەی (ئـەبو نیـزال)ی فەلەستینی، گەلێ کردەوەی کوشتنی غافڵگوژیی جێبەجێ کردووە.

★ ئایـا موخابـەراتی عـیراق پێوەنـدیی لەگـەڵ بزووتنـەوە توندڕەوەکانیتر لەدنیادا هەیە؟

- بەڵێ. دەزگای موخابـەراتی ئێمـە پێوەنـدی لەگـەڵ گروپـی (ئـەبو سەییاف) لەفلپین هەیەو ئەوکات (عەقیـد حوسـێن) ئەڵقـەی پێوەنـدی بوو، کە ئێستا وەك دپلۆماتێك لەباڵیۆزخانـەی عـیراق لـە (مـانێلا) کـار دەکات.

★ ئایـا خـۆت ئەفغانـە عەرەبـەکانت لەهـەردوو ناوچـەی تەوێڵـەو بیارەدا دیوە؟

- بـەڵێ هەنـدێکیانم دیـوە، کەخـەڵکی سـعودیەو ئـوردەنو وڵاتـانی دیکەی عەرەبینو بارەگای تایبەتو رێكوپێکیان هەیە، چونکە توانـای داراییـان باشـەو زۆر لەتێکـەڵبوون لەگـەڵ کوردەکـانو عەرەبـە عیراقییەکان سڵ دەکەنەوە.

★ ئایا بن لادنو بەغدا پێوەندییان هەیە؟

- کـە (ئەیمـەن ئـەلزەواهیری) لەسـاڵی ١٩٩٢ سـەردانی بەغـدای کـرد داوای لەسـەدام حوسـێن کـرد ئـەو (ئـەمیر ئـەلموئمنین) بـێ، واتـە رابەرایەتی هەڵمەتی ئیمان بکات.

سەدام گوتبووی من بەعسیم پێش ئەوەی موسڵمان بم، بـەڵام ئـەوان سـووربوون لەسـەر ئـەوەی سـەدام ئـەمیری موسـڵمانان بێـتو ئـەوان

شوێنکەوتووی بـن، کەچـی سـەدام ئـەو بیرۆکەیـەی رەتکـردوە. داوایـان کـرد بارەگـای هەمیشـەییان وەك موجاهیـدینی خـەلق هـەبێ. دوای چـەند چاوپێکەوتنێك رێککـەوتن لەسـەر ئـەوەی کـە شـانەیەکی سـەر بەدەزگای موخابەرات لەپەنای ئەلقاعیدەوە ئـیش بکاتو ئـەو شـانەیە دروستکراو خرایە ژێر فەرمانی (ئـەبو وائیـل) کـە ئێسـتا لەتەوێڵەیـە. شـــانەکە پێکهـــاتووە لەژمارەیـــەك عیراقـــیو عـــەرەبو ژمارەیـــەك لەئەنــدامانی رێکخــراوی رزگاریبەخشــی فەلەســتین کــە لەعیراقــدا نیشــتەجێن. لــەم ســاڵانەی دواییــدا ئــەو شــانەیە لەگــەڵ (ئەیمــەن ئــەلزەواهیری)دا چـوونە ئەفغانسـتانو لـەوێ چـالاکییەکانیان فـراوان کرد.

* باسی ئەوەت کرد کە داوات لێکـراوە زانیـاری لەسـەر ئۆپۆزسـیۆنی عــیراق، بەتایبــەت لەســەر ئەنجومــەنی بــاڵای شۆڕشــی ئیســلامی کۆبکەیتــەوە. ئایــا دەتــوانی سروشــتی کارەکــەت لــەو گروپــەدا روون بکەیتەوە؟

- لـەبارەگای ئەنجومـەنی بـاڵا لەسلێمانیدا دەسـتم بـەکارکرد. پـاش ساڵێك کارکردن لەنێو ئـەو گروپـەدا بەتـەواوی‌و لەسەداسـەد متمانـەی بەرپرســەکانیانم بەدەســتهێناو متمانــەیان پێکــردم، پــاش ئــەوەی خەڵکیان ناردە (بەسرە) تا لەبارەی کەس‌وکارەکەم‌و من بپرسـن. نـاوی تەواوم‌و ناونیشانی تەواوو ئاشکرای خۆم دانێ. بینیان مـن لەخزمـەتی سەربازی رام کردووەو لەدەست حکومـەتیش رامکـردووەو بـە(غیـاب)ی

حوکمدراوم. ئەمەش تەکتیکی موخابەرات بوو، چونکە خێزانەکەم نەیاندەزانی لەکوردستانم. موخابەرات باوکم‌و برا گەورەکەمیان گرت‌و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردن. ئەمەش بەپێی نەخشەیەکی داڕێژراو بوو تا کەس‌وکارەکەم‌و دراوسێکانم وابزانن کەحکومەت بەدوامەوەیە، تەنانەت هەندێ زیندانیمان ئازادکردو فڕاند بۆ ئەوەی سیناریۆکە، کە بۆ خەڵەتاندنی بەرپرسەکانی ئەنجومەنی باڵا دامانڕشتبوو، سەربگرێ. پاش ساڵێك لەبەشی ئاسایش‌و هەواڵگریی ئەنجومەنی باڵا (المجلس الأعلى)دا، واتە لەبەشی کاری ناوخۆدا، دەستم بەکارکردو ئەو ئەرکەی پێم سپێردرا کۆکردنەوەی زانیاری بوو.

- سەرچاوە: رۆژنامەی (الرأی العام)ی کوێتی، ٣/١٥/ ٢٠٠٣.

# چارەنووسی بن لادنو ئەلقاعیدە

رۆژنامەی "ئەلشەرقولئەوسەت"ی لەندەنی لە ١٨ی ئەیلولی رابردوودا(٢٠٠٢) راپۆرتێکی تێروتەسەلی سەبارەت بەرێکخراوی ئەلقاعیدەو چارەنووسی رێکخراوەکەو سەرکردەکانی بڵاوکردۆتەوە، کە لەلایەن (ئەیان فیشەر)و جۆن بیرنز) لەئیسلام ئابادەوەو (رۆبەرت شرۆیدەر)و (سارە کەهیولانیگۆ) لەواشنتۆنەوە ئامادەکراوە. کەئەمەی خوارەوە پوختەی ئەم راپۆرتەیە:

ساڵێك پاش هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەری (٢٠٠١) رێکخراوی ئەلقاعیدە بەسەرۆکایەتی ئوسامە بن لادن، هێشتا چارەنووسی ئوسامەو ژمارەیەك لەسەرکردەکانی ئەلقاعیدە نادیارە. هەندێ ناوەند دەڵێن بن لادن لەکاتی بۆردومانکردنەکانی (تۆرابۆرا)دا، یان پاش ئەوە، لەژێر کاریگەریی برینەکەیدا، کوژراوەو ئەمریکا بەئەنقەست ئەو مەسەلەیە دەشارێتەوە، چونکە ئەگەر ئاشکرای بکات، ئەوا جەنگی دژی ئیرهاب پاساوی نامێنیو کۆتایی پێ دێت. کەچی هەندێ ناوەندی دیکە دەڵێن بن لادن هێشتا ماوەو ئەگەر بکوژرابا، واشنتۆن کوشتنەکەی رادەگەیاند، تا سەرکەوتنی

خۆی لەجەنگەکەدا بەهەموو لایەك رابگەیەنێ. هەروەها ناوەندی دیکەش هەن ئەولاتر بۆ مەسەلەکان دەچن‌و دەڵێن نادیار بوونی چارەنووسی بن لادن بۆ واشنتۆن بەشکست دادەنرێ‌و دەبێتە هۆی بەردەوامیی نیگەرانی‌و بارگرژی لەناوخۆی ئەمریکاو جیهانیشدا، جگە لەوەی هاندەرێکیش دەبێت بۆ ئەندامە پەرش‌و بڵاوەکانی رێکخراوی ئەلقاعیدە لەهەموو لایەکی دنیادا، تا خۆیان کۆبکەنەوەو نەخشەی پەلامارو هێرشی دیکە بکێشن.

ئەمریکا تا ئێستا ٣ سەرکردەی دیاری رێکخراوی ئەلقاعیدەی دەستگیر کردووە، کە(ئەبو زوبەیدە، ئیبن ئەلشێخ ئەللیبی‌و سەیفوڵڵای کوڕی عومەر عەبدولڕەحمانی ئەمیری رۆحیی "الجماعة الأسلامية"ی میسرن، کەپیاوێکی نابینایەو چەند ساڵێکە لەبەندیخانەکانی ئەمریکادا توندکراوە پاش ئەوەی بۆ ئەمریکا ساغ بۆتەوە کەنەخشەدانەرو هاندەری هێرشەکانی تەقاندنەوەی هەردوو باڵیۆزخانەی ئەمریکایە لەدارولسەلام‌و نایرۆبی لەئەفریقادا. هەروەها ئەسەدوڵڵاش بەرێکەوت گیرا پاش ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانی باکوور چوونە نێو کابولەوە، چونکە ناوبراو لەخەومابوو و نەیزانیبوو کابول گیراوە.

سەرکردەکانی ئەلقاعیدە نزیکەی (٢٠) کەسێکیشیان لەموشەك بارانەکانی سەر خوست‌و قەندەهارو کابولدا کوژران، کەدیارترینیان (محەمەد عاتیف)ی ناسراو بە(ئەبو حەفس) بەرپرسی سەربازیی ئەلقاعیدەو، نەسر فەهمی نەسر، ناسراو بە(محەمەد سەلاح) بەرپرسی

دارایی ئەلقاعیدە و تارق ئەنوەر کەیەکێکە لەبەرپرسە سەربازییەکان، کە ئـەم دووانــەی دوایــی لـە"هـەڵۆ"کـانی ڕێکخـراوی جیهـانی ئیسـلامیی میسرینو، لەنزیکەکانی ئەیمەن ئەلزەواهیریی جێگـری بـن لادنـن. بـەپێی سەرچاوەکانی ئیسلامییەکان لە"لەندەن" ئەلزەواهیری بۆ کردەوە نهێنییە تایبەتەکان پشتی بەم دوو کەسە بەستبوو، ئەوانیش تا کـوژرانی خۆیـانو خێزانەکانیان لەموشەك بارانێکی ماڵە عـەرەب ئەفغانـەکانی (خوسـت)دا، گوێڕایەڵیی ناوبراویان کردووە.

هـانی ئەلسـباعیی ئیسـلامی کەبەڕێوەبـەری ناوەنـدی توێژینـەوەی مێـژوویی "ئەلمەقـەرێزی" ییـە لـە لەنـدەن، ئـەوەی ئاشـکرا کـردووە کـە لەمانگی تشرینی یەکـەمی (٢٠٠١)دا (١٢) ئیسلامیی میسـری لـەبۆردومانی ماڵەکانی (خوست)ی ئەفغانستاندا کوژراون.

چەند سەرچاوەیەکی ڕۆژئاوایی دەڵێن ئەگەرچی ڕێکخراوی ئەلقاعیـدە لـەکاتی هێرشـەکانی ئـەمریکا بـۆ سـەر ئەفغانسـتاندا گـورزی کوشـندەیان پێکـەوت، بــەڵام هێشــتا خۆکۆکردنــەوەو کــارو کــردەوەی، تاڕادەیــەك، کاریگــەریان مــاوە. هــەر ئــەو سەرچــاوانە ئامــاژە بــۆ ئــەوە دەکــەن کەدووسـێیەکی سـەرکردەکانی ڕێکخـراوی ئەلقاعیـدە نـەگیراونو خۆیـان حەشارداوە، ئەمـە جگـە لـەوەی لـەکۆتایی مـانگی ئـابو سـەرەتای ئـەیلولی ڕابـردوودا توخمـەکانی هـەواڵگریی ئـەمریکی تێبینیـی بـەگوڕتر بـوونی پێوەندییــەکانی "ئەلقاعیــدە"یــان لــەبواری چــالاکیی ئــەلکترۆنی لەئینتەرنێتدا کردووە.

## چارەنووسی بن لادن

دوای چەند مانگێك لەبێ ئومێدی، هەندێ لەسەرکردە سەربازییە ئەمریکییەکان دانیان بەوەدانا کە لەوانەیە ئوسامە بن لادن هێشتا زیندوو بێت، خۆی لەنێو شاخەکاندا بەدرێژایی ٢٥٠ میل لەشریتی سنووریی نێوان پاکستانو ئەفغانستاندا حەشار دابێت. هەروەها ئەفسەرە ئەمریکییەکان، لەئاخافتنە تایبەتییەکانیاندا دەڵێن کردەوەکانی راوەدوونان لەشاخەکاندا وایان کردووە ئەگەر زیندووبوونی بن لادن لەگۆڕێدا بێت، کە بۆ ئەمەش ئاماژە بۆ راپۆرتەکانی هەردوو دەزگای هەواڵگریی پاکستانیو ئەفغانی دەکەن. ئەو راپۆرتانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەبن لادنو دەیان لەدەستو پێوەندەکانی، زیاتر لەجارێكو لەپتر لەشوێنێکدا، دوای بۆردومانەکانی سەر تۆرابۆرا لەساڵی (٢٠٠١)دا جێگۆڕکێیان کردووە. راپۆرتەکان دەڵێن بن لادنو دەستو پێوەندەکانی لەوانەیە لەسەر پشتی وڵاخو لەشەوانی تەمتوماندا، بۆ ئەوەی چاودێریی کەشو هەواو مانگە دەستکردەکان ئاشکرایان نەکەن، جێگۆڕکێیان کردبێ.

پێشتریش سەرکردەکانی ئەمریکا رایانگەیاند کەچەکدارەکانی ئەلقاعیدەو تاڵیبان کە ١١ رۆژ دژی پەلامارەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان بەرەنگارییان کرد، لەئاداری رابردوودا لەو شەڕە گەورەیەدا کەکرایە سەر دۆڵی (شاهی کوت) کە(١٠٠) میل لەباشووری رۆژئاوای

کابولـە، بـن لادنو ئـەلزەواهیری دەپـارێزن، کەچـی کەشـەڕەکە کۆتـایی پێهاتو دۆڵەکە گیرا، سەرکردەکانی ئەلقاعیدە هیچ شوێنەواریکیان لەپاش بەجێ نەما، کەچی هەندێ قسەکەر بـەناوی سوپای ئەمریکیـەوە گوتیـان ئـەو سـەرکردانەی ئەلقاعیـدە لەگـەڵ چـەکدارەکانیاندا لەرێگـەی دۆڵو شیوی نێوان شاخەکانەوە پەڕیونەتەوە بۆ پاکستان.

بـۆ زیـاتر روونکردنـەوەی وێنـەی ئـەم هەلاتنـە بـا سـەربردەی (حـاجی روحـەللا وەکیـل) بگێڕینـەوە، کـە لەناوچـەی ئەسـەد ئابـاددا قسـەی بـۆ پیاوەکانی دەکرد، کەدەوریان دابوو: دەشێ رێکخراوی ئەلقاعیـدە خـەریکی خۆڕێکخستنەوە بن لەو شاخانە. هەروەها گوتی پێشـتر بەئەمریکییـەکانم گوتووە: ئەگەر ئاگادار کراینەوە لێرەو لەوێ چەند چەکدارێکی ئەلقاعیدە هەن، خۆمان چاریان دەکەین. هەروەها (حاجی وەکیل) بەگومان لـەتوانای ئەمریکییەکانــەوە گــوتی: ســێ مانگــە نــەیانتوانیوە یــەك هەڵســوڕاوی ئەلقاعیدە بگرن.

دوای ئــەو قســانەی (حــاجی وەکیــل)، ئــەوەی ســەیربوو هەڵوێســتی ئەمریکییــەکان بــوو، کەچــەند کاتــژمێرێك دوای ئــەو قســانە (حــاجی وەکیــل)و پیاوەکانییــان قۆڵبەســت کــردو ســواری کۆپتــەرێکیان کــردنو تەسـلیم بەسـەرۆکایەتی سـەربازیی هێزەکـانی ئـەمریکا لەئەفغانسـتانیان کردن لەبنکەی (باگرام) لەباکووری کابول.

بۆ دەستگیرکردنی توخمـەکانی ئەلقاعیـدە، هێزەکـانی ئـەمریکا لەسـەر سنووری نێوان پاکستانو ئەفغانستاندا بلاوکراوەیان بەسـەر هاوولاتییانـدا

دابەشكرد كەتيايدا داوايان لێكراوە ئەو ئەندامانەی ئەلقاعیدە، كەپەنايان بۆ دەبەن، بياندەنە دەستەوە. هەر لەبانگەوازەكەشدا ئەوە بەبیر خەڵك هێنراوەتەوە كەهەر كەسێك شوێنی بن لادن ئاشكرا بكات (٢٥) مليۆن دۆلاری لەلايەن واشنتۆنەوە دەدرێتێ. لەيەكێك لەو بانگەوازانەدا، كەبەزمانی پشتۆن بووە، ئەمە هاتووە: (قاعیدەو تاڵيبان وڵاتەكەتانيان وێران كرد. ئەوان دوژمنی ئێوەو ئێمەن. بۆ دەستگيركردنيان يارمەتيمان بدەن).

هەندێ لەئەفسەرانی ئەمريكی، دوای ئەوەی چەند جارێك سەركردە ئەمريكييەكان رايانگەياند كەئەگەری مانی بن لادنو ئەلزەواهيریو نەكوژرانيان دووپات كردەوە، دەستگيرنەكردنی بن لادنو ئەلزەواهيرييان لەلايەن واشنتۆنەوە گێڕايەوە بۆ هەژاريی ئەمريكا لەرووی ستراتيژەوە كەوای كرد بن لادن لەشيوو دۆڵە شەختەبەندەكانی نێوان شاخەكانەوە بەرەو پاكستان رابكات. ئێستا پنتاگۆن ئامانجەكانی خۆیو رێبازەكەی گۆڕيوەو ئەگەر جاران جەختی لەسەر دەستگيركردنی بن لادنو سەركردەكانی ئەلقاعيدە دەكرد، ئێستا پەكخستنی تواناكانی ئەلقاعيدەو لێكهەڵوەشاندنی كردۆتە ئامانجی خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەفسەرانی ئەمريكی تووشی خۆدزينەوەو خۆگێلكردن بوون سەبارەت بەپرسياری (چارەنووسی بن لادن بەچی گەيشت؟). بۆيە ژەنەرال (تۆمی فرانكس)ی سەرۆكی كردەوەكانی هێزەكانی ئەمريكا لەپاكستانو ئەفغانستاندا، لەكۆنگرەيەكی رۆژنامەنووسيدا گوتی: "ئەوەی دەتوانم بيڵێم ئەوەيە كە

تـا ئێسـتا بەڵگەیـەكی سـەلمێنەرمان بـۆ كـوژرانی بـن لادنو ئـەلزەواهیری لەبەردەستدا نییە، بۆیە ئەوەی مەبەستمانە سەلماندن یان رەتكردنـەوەی ئـەو راپۆرتـە هەواڵگریانەیـە كەبەدەسـتمان دەگـەن. ئایـا ئێسـتا لـەم چـركەیەدا دەتـوانم بڵـێم بـن لادن لەكوێیـە؟ نـا.. ئەمـە نـاڵێم، چـونكە نامـەوێ هـیچ سەرچاوەیەك بەكـەس بڵـێم، راستیەكەشـی نـازانم بـن لادن ماوە یان مـردووە، بەڵام ئەوە دەزانم كەژمارەیەكی زۆر لەگەلانو دەوڵەتان لەسەر زەوی بەم پیاوە سەرقاڵن. دواجار پێتان دەڵێم ئەگەر زیندوو بێت، ئەوا دەستگیردنەكە مەسەلەی كاتەو هیچی تر".

## ئایا پرۆژەكەی بن لادن كۆتـایی هات؟

بەچاو پۆشین لەچارەنووسی بن لادنو ئایا زینـدووە یـان مـردوو، ئـەوا مشـتو مڕێـك لەناوەنـدەكانی ئیسـلامییەكاندا سـەبارەت بـەوەی ئایـا پرۆژەكەی بن لادن كۆتایی هات، یان نا، پەیدابووە. چونكە ئەو گورزانـەی بەر رێكخستنی "ئەلقاعیـدە" كـەوتن، لاوازی كـردو تـوخمو ئەندامـەكانی لەهـەموو دنیـادا بـەرەوڕووی راوەدوونـان كـردەوەو ئـەو زەمینەیـەش كەلێیەوە كارو چالاكیی دەكرد، دایتەپانـد. سـەرەڕای ئـەوەش ئابلۆقـەدانی هەوادارانی "ئەلقاعیدە"و راوەدوونانیـانو دەستبەسـەردا گرتنـی دارایـیان لەهەموو دنیادا، بووە هۆی بێ بەشـكردنو پەكخسـتنی توانـای رێكخـراوی ئەلقاعیـــدە لـــەڕووی داراییـــەوە. بۆیـــە هەنـــدێ سەرچـــاوەی نزیـــك لە"ئەلقاعیدە" دەڵێن لەوانەیە پرۆژەكەی بـن لادن كۆتـایی هاتبـێو گـەلێ

لەلایەنگرانی، کەلێی جیابوونەتەوە، ئێستا باوەڕیان بەرووبەڕووبوونەوەی ئاشکرا لەگەڵ رۆژئاواو لەسەرووشیانەوە ئەمریکا نەماوە. هەروەها ئەو سەرچاوانە دەڵێن: "پرۆژەی بن لادن کەرووبەڕووبوونەوەبوو لەگەڵ رۆژئاوا کۆتایی هاتو جگە لەرزگارکردنی ئەفغانستان لەدەسەڵاتی ئەمریکی هیچی تر نەماوەتەوە. ئەو رۆڵە گەورەیەش کەئێستا لەرووی ئەنجامدانی کردەوەکانەوە دەنرێ ئەفغانەکان خۆیان، کەسەر بەتاڵیبانن، بەو سەرکردایەتیی مەلا عومەر ئەنجامی دەدەن. رۆڵی عەرەب لەمەودوا وەك "لایەنگر" دەبێتو لەنێو عەرەب ئەفغانەکانیشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کەدوورکەوتنەوەیان لەرووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمریکادا کردۆتە ئامانجی لەمەودوایان، پاش ئەوەی ئۆباڵی رووداوەکانی سێپتێمبەر خرایە ئەستۆیان".

## سەرکردە کوژراوەکانی ئەلقاعیدە

* محەمەد عاتیف (ئەبو حەفس ئەلمیسری) بەرپرسی سەربازیی ئەلقاعیدە لەتشرینی یەکەمی (٢٠٠١)دا لەبۆردومانەکانی سەر کابول لەلایەن ئەمریکاوە، کوژرا.
* نەسر فەهمی نەسر (محەمەد سەلاح) بەڕێوەبەری داراییی ئەلقاعیدە.
* تاریق ئەنوەر (یەکێك لەبەرپرسە سەربازییەکانی ئەلقاعیدە) پێشتر یەکێك بووە لەسەرکردەکانی رێکخراوی جیهادی میسری.

★ ئـەبو سـاڵح ئەلیەمـەنی کـە بەرێکخـەری کۆمەکـەکانی "ئەلقاعیـدە" دانراوە.

★ ئەبو جەعفەر ئەلجەزیری (لەبۆردومانەکانی ئەمریکادا کوژراوە).

★ حەمزە ئەلقەتەری. بەرپرسی پێوەندییە گشتییەکان.

## سەرکردە دیلەکانی ئەلقاعیدە

★ ئەبو زوبەیدە، ناوی راستەقینەی (زەینەلعابدین محەمەد حوسێن)ە، فەلەستینیەو لەسعودیە لەدایك بووە. ئەڵقەی بەیەك گەیاندن بووە لەنێوان بن لادنو ئەو ئەندامانەی ئەلقاعیدە کەهێرشەکانی سێپتێمبەریان لەگەڵ (١٩) کەسەکەدا، کەکردەوەکەیان ئەنجامدا، رێکخستووە. ناوبراو بە"گەنجینەی نهێنییەکان"ی ئەلقاعیدە دادەنرێ، چونکە ناوو ناونیشانی هەزاران ئیسلامیی سەر بەرێکخستنە نهێنییەکانی ئەلقاعیدەی لایە کەراهێنانی سەربازییان لەئەفغانستاندا پێکراوە. جگە لەوەی کەئەبو زوبەیدە (٣٧) ناوی خوازراوی هەیەو پاسپۆرتی ساختەی وڵاتانی (تورکیا، میسر. ئەردەن، سعودیە، سودانو مەغریبیش)ی هەیە.

★ ئیبن ئەلشێخ ئەللیبی. ناوی خۆی (حەمید ئەلفاخری)یەو ٣١ ساڵە. ئێستا لەسەربازگەی (گوانتانامۆ)یەو قسە هەیە زانیاریی سەبارەت بەتەقاندنەوەی باڵیوزخانەی ئەمریکی لەیەمەن داوەتە ئەمریکییەکان. پێشوتر سەرۆکی سەربازگەکانی راهێنانی سەر بەئەلقاعیدە بووە لەئەفغانستان.

★ محەمەد سەیفوڵڵا، کوڕی عومەر عەبدولڕەحمانی رابەری رۆحیی "الجماعة الأسلامية"ی میسرییە کە لەئەمریکا گیراوە. ناوبراو لەشەقامی بەردەم ماڵەکەی خۆیدا لەگەڕەکی (ئەکبەرخانە) لەکابول، دوای رزگار کردنی کابول، دەستگیرکرا.

★ ئەبو رەحیم ریاز.

## سەرکردە هەڵاتووەکانی ئەلقاعیدە

★ئوسامە بن لادن سەرۆکی ئەلقاعیدە.

★ئەیمەن ئەلزەواهیری. سەرۆکی رێکخراوی "جیهاد"ی میسری.

★ سەیف ئەلعدل (پێشوتر لەسوپای میسریدا پلەی ئەفسەری عەقید بووە) ئێستا بەرپرسی سەربازیی ئەلقاعیدەیە. بەشێوەیەکی غیابی لەئەمریکادا حوکمدراوە بەتۆمەتی کوشتنو تەقاندنەوەی تەلارو باڵاخانەکانی هەردوو باڵیۆزخانەی ئەمریکی لەتانزانیاو کینیادا. دەڵێن ئێستا لەئێران خۆی حەشارداوە.

★ عەبدولڕەحیم ئەلبنشیری بەرپرسی هێنانە ریزی خۆبەخشەکان.

★ ئەبو موسعەب ئەلزەرقاوی. خەڵکی ئەردەنو پسپۆرە لەبواری دروستکردنی ژەهرە جۆراوجۆرەکانو چەکی بایلۆژیدا. بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵگریی ئەڵمانی بەمەترسیدارترین توخمی ئەلقاعیدە لەبواری دروستکردنی چەکی بایۆلۆژیو ژەهرە جۆراوجۆرەکان دادەنرێ. بەگوێرەی راپۆرتەکانی CIA ناوبراو هەڵاتووە بۆ ئێرانو لەوێشەوە

خۆی گەیاندۆتە (باکووری عیراق)، واتە ناوچە سنووریەکانی هەورامان لە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی (أنصار الاسلام)ەوە حەشاردراوە. هەر ئەو سەرچاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کەناوبراو هاتوچۆی یەکێك لەنەخۆشخانە سەربازییەکانی بەغدای پایتەختی ڕژێمی عیراقی کردووەو ڕۆڵی ڕێکخەری پێوەندییەکانی نێوان ڕژێمی بەغداو (ئەنسار ئەلئیسلام)ی لەئەستۆیە.

★ ئەبو زبێر ئەلهیلالی (شوێنەکەی دیار نییە).

★ تۆفیق عەگاش خالید. خەڵکی یەمەنەو شوێنەکەی دیار نییە.

★زەید خەیر (شوێنەکەی دیار نییە).

★ ئەمین ئەلحەق. خەڵکی ئەفغانستانەو بەرپرسیی شەرعیی ئەلقاعیدەیە.

★ ئەبو حەفس ئەلمۆریتانی. دیارترین فەقیهی "ئەلقاعیدە"یەو ماوەیەکی زۆرە یارمەتیدەری بن لادنەو ئەو کارە سەربازییانەی ئەلقاعیدە کردوونی، ئەو فەتوای شەرعیبوونی داون. دەڵێن لەگەڵ (سەیف ئەلعەدل)دا لەئێران خۆیان حەشارداوە.

★ ئەبو محەمەد ئەلمیسری. ناوی تەواوی (عەبدوڵڵا ئەحمەد عەبدوڵڵا)یەو نزیکەی (٣٠) ساڵ دەبێتو شوێنی ئێستای دیار نییە. دەستی لەتەقاندنەوەی هەردوو باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەئەفریقا هەبووە.

★ عەبدولهادی ئەلعیراقی. بەڕێوەبەری مەیدانیی ئەلقاعیدەیە. لەمانگی ئەیلولی ڕابردوودا (٢٠٠٢) سایتی "جیهاد ئۆن لاین"

چاوپێکەوتنێکی فراوانی لەسەر کارە سەربازییەکانی دوای روخانی تاڵیبان و ئەلقاعیدە لەئەفغانستان، لەگەڵیدا بڵاوکردەوە.

* شێخ سەعید. لەژێر ناوی (مستەفا ئەحمەد ئەلحەساوی) کاری کردووە، خەڵکی سعودیەیەو شوێنی ئێستای دیار نییە.

* ئەحمەد سەعید خزر. خەڵکی میسرەو رەگەزنامەی کەنەدیی هەیە. شوێنی ئێستای دیار نییە.

* سلێمان ئەبو غەیس. خەڵکی کوێتەو قسەکەر بووە بەناوی ئەلقاعیدەوە. شوێنی ئێستای دیار نییە. دوای روخانی دەسەڵاتی تاڵیبان لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی چەکی کۆکوژو وێرانکردن دۆزرایەوە کەناوی ئەوی لەسەر بووە.

* ئەبو بەسیر ئەلیەمەنی. شوێنەکەی دیار نییە.

* عەبدولعەزیز موسا ئەلجەمەل. خەڵکی میسرەو یەکێك بووە لەسەرکردەکانی رێکخراوی جیهادی میسری. شوێنەکەی دیار نییە.

* بلال بن مەروان. خەڵکی سعودیەیە. شوێنەکەی دیار نییە.

* سەقەر ئەلجداوی. خەڵکی یەمەنە. شوێنی ئێستای دیار نییە.

# دیاردەی عەرەبە ئەفغانەکان

**د. نەشئەت حامید عەبدولماجید**

سـەرەتای دیـاردەی عەرەبـە ئەفغانـەکان لەگـەڵ کۆتاییهـاتنی جـەنگی رزگـاریی ئەفغانسـتان لەسـاڵی ١٩٩٢ دا دەسـت پێـدەکات، کـە دەبـوو ئـەو عەرەبـە خۆبەخشـانەی بەشـدارییان لـەجیهادی ئـەفغانی دژی روسـەکان کردبـوو، ژمارەشـیان نزیکـەی شـەش هـەزار کـەس دەبـوو، بـەدوای مەیـدانێکی دیکـەی غـەیری ئەفغانسـتاندا بگـەڕێن، تـا وزەو توانـاو کارامەیی جیهادیو جەنگیی خۆیانی تێدا تـاقی بکەنـەوە. بێگومـان ئـەم ژمارەیە هەموویان ئەو رێگەیەیان نەگرتەبەر، بەڵکو بەشێکیان.

عەرەبـە ئەفغانـەکان، وەك زاراوە، یەکـەمین جـار لەسـاڵی ١٩٩٠ لەجـەزائیر پەیـدابوو، دوای ئـەوەی کۆمـەڵێك لاوی جـەزائیری کـە لـە ئەفغانسـتان مەشـقیان پێکرابـوو چـەند کـارێکی سیاسـیی توندوتیـژیان ئەنجامدا، ئیدی لـەدەزگاکانی راگەیاندنـدا بـە"ئەفغانـە جەزائیرییـەکان" نـاودێرکران، پاشـان لـەولاتانی دیکەشـدا کـە هـەمان ئـەو کەسـانەی

لەئەفغانســتان پــەروەردە کرابــوونو بەشــدارییان لــەکاری سیاســی توندوتیژدا دەکرد، بەهەمان شێوە نـاو دەبـران، ئەمـەش بـووە جێگەی بایــەخی چـاودێرانو ناوەنــدەکانی راگەیانــدنو دەزگاکــانی ئاســایشو سیاســـەتمەدارانو لێکۆڵیـــارانو شـــیکارە سیاســـییەکان لـــەوڵاتانی جۆراوجۆردا.

مەبەست لەعەرەبە ئەفغانەکان ئەو موجاهیدە عەرەبانـەن کەغـەیرە ئـەفغانو بەشـدارییان لـەجیهاد دژی سـۆڤیەتو حـوکمڕانیی ئـەوکاتی لایەنگری سۆڤیەت لەکابول کردووەو پاشان روویـان لەبەگژداچوونەوەی حکومەتەکانی وڵاتەکانی خۆیان، یان حکومەتە بیانییەکان کردووە.

عەرەبـە ئەفغانــەکان بـریتین لـەپاشماوەی ئـەو موجاهیـدە غـەیرە ئەفغانییانــەی بــەر لــەرزگاریی ئەفغانســتان لەدەســەڵاتی داگیرکــەری ســۆڤیەتی، لەســەربازگەکانی پیشــاوەر، جــەلال ئابــاد، قەنــدەهار لەئەفغانسـتانو سـەربازگەکانی سـنووری پاکسـتان- ئەفغانسـتان لـەنێوان ســاڵانی ١٩٧٩- ١٩٩٢ پــەروەردەو ئامــادەکرابوون. لەبــەر ئــەوەی ئــەو موجاهیـدە عەرەبانـە لـەوڵاتانی جۆراوجـۆری عـەرەبیو ئیسلامییەوە هـاتبوون، ئەمـە وای کـرد جۆرێـك لەهەماهـەنگیو هاریکـاری لـەنێوان خۆیانــدا دروســت بکــەن، کــە دەکــرێ بــەجۆرێك لــە "ســوپایەکی نێودەوڵەتی" ناو بنرێ.

بــەگوێرەی ئــەم پێشــەکییەی ســەرەوە، دەکــرێ دیــاردەی عەرەبــە ئەفغانەکان لەم چەند خاڵەدا چڕ بکەینەوە:

١-	عەرەبە ئەفغانەكان هاوولاتيى ئەفغانى نين، بەڵكو ئەو لاوە عەرەبو موسڵمانانەن كەپێوەندييان بەموجاهيدە ئەفغانييەكانەوە كردووە، پاش گەڕانەوەيان بۆ ولاتى خۆيان، يان چوونيان بۆ ولاتانى ديكە، دەستيان بەئەنجامدانى كارى توندوتيژيى سياسى كرد، بۆ ئەمەش سووديان لەشارەزاييو تواناى سەربازيى خۆيان، كە لەئەفغانستانەوە بەدەستيانهێنا بوو، وەرگرت.

٢-	زۆربەى عەرەبە ئەفغانەكان لاون، واتە تەمەنى لاوييان لەنێوان ٢٠- ٣٥ساڵيدايە، ئەمەش ماناى وايە ئەوكاتەى چوون بۆ ئەفغانستان تەمەنيان لەنێوان ١٥- ٢٥ ساڵيدا بووە، كە ئەمەش قۆناغى پێكهاتنى فيكرييانە، كە چەندين ساڵ لە هەشتاو نەوەدەكاندا لەسەربازگەكانى ئەفغانيدا ژياون، لەسەر چەكى سوكو قورس مەشقيان كردووە، جگە لەوەى لەڕووى ئايينييەوە ئامادەكراونو لەم ئامادەكردنەشدا زياتر پێداگيراوە لەسەر ئەو بيرو باوەڕانەى جەخت لەسەر بەكارهێنانى هێز دەكەنەوە بۆ ئەنجامدانى گۆڕانكارى، كە ئەمەش بوو بەفەلسەفەى دەستەو گروپە ئيسلامييە توندوتيژخوازەكان.

٣-	بنەماى رێكخراوەيى دياردەى عەرەبە ئەفغانەكان لەسەر دوولايەن دامەزراوە:

يەكەم: لايەنى فرياگوزارى. چونكە خۆبەخشە عەرەبەكان لەچوارچێوەى فرياگوزاريى ئيسلاميدا زۆرينەيان پێكدەهێناو

یارمەتیی زۆری پەنابەرە ئەفغانییەکانی سەر سنووری پاکستان-ئەفغانستانیان دەدا، کە ئەو عەرەبانە لەسەرەتای نەوەدەکاندا ژمارەیان بە ١٣ هەزار خۆبەخش مەزەندە دەکرا، کە پزیشكو ئەندازیارو مامۆستاو هی تریشیان تێدابووە.

دووەم: لایەنی جەنگی، ئەو عەرەبە خۆبەخشانەن کەشان بەشانی جەنگاوەرە ئەفغانە موجاهیدەکان بەشدارییان لەجەنگ دژی سۆڤێت کردووە. ژمارەشیان وامەزەندە دەکرێ گەیشتبێتە ٦ هەزار کەس.

٤- عەرەب ئەفغانە جەنگاوەرەکان سێ جۆر لەئامادەکردنیان بینیوە لەماوەی سالآنی جەنگی ئەفغانیو دواتریشدا، کەبریتین لەئامادەکردنی سەربازیو هەوالگری (ئیستخباراتی)و ئایدیۆلۆجی. لەلایەنی ئامادەکردنی سەربازییەوە راهێنانیان لەبواری جەنگی لەبەرڕۆیشتن (استنزاف) دا پێکراوە، کە ئەمەش توانایان پێدەدا بۆ ئەنجامدانی کاری جەنگی پارتیزانیو جەنگی شارەکانو تەقاندنەوە بەهەموو جۆرەکانیەوەو بۆسەدانانەوەو غافلکوژی. بەلآم ئامادەکردنی هەوالگری بریتییە لەچاودێریو پێوەندیو گۆڕینەوەی زانیاریو جێبەجێ کردنی ئەركو نیشانکردنو زۆر شتی دیکەش.

هەروەها ئامادەکردنی فیکریو ئایدیۆلۆجیش بریتییە لەدەرسدادانیان لەبواری ئایینیداو فێرکردنی چەمكو بابەتی

دیــاریکراوی ئــایینیو سیاســی، بــۆ مامەڵــەی لەمــەودوایان لەگــەڵ حکومەتو کۆمەڵو هێزە سیاسیو ئاینییە جیاجیاکانی وڵاتی خۆیان.

٥- عەرەبە ئەفغانەکان بەهۆی بەشدارییان لەجەنگی ئەفغانستان دژی ســۆڤێت شــارەزاییەکی وایــان پەیــداکرد کــە بــووە هــۆی ڕێگەخۆشــکردن بــۆ لــەدایکبوونی دیــاردەی عــەرەب ئەفغانــەکان، کەئەمەش سێ ڕووی هەیە:

یەکەم: دامەزراندنی پێوەندییەکی بەرفراوان لەگەڵ دەستەو گروپە ئیسلامییە توندوتیژخوازەکان لەسەر ئاستی جیهانیدا.

دووەم: دامەزرانــــدنی پێوەندییــــەکی بــــەرفراوان لەگــــەڵ دەوڵەمەنــدەکانی عەرەبــدا کــە لــەڕووی داراییــەوە کۆمــەکیان بەئەفغانەکان لەجەنگی رزگاریدا کردبوو.

سێیەم: بەکارهێنانی ژینگەی ئەفغانی وەك دەرفەتێکی گونجاو بۆ مەشقی سەربازی.

چــوارەم: گەشــەپێدانی ئــەو پەیوەندییــە فراوانــەی لەگــەڵ بزووتنــەوەو پارتە ئەفغانییەکانــدا دروستیان کردبوو، کەهەنــدێ لــەو لایەنە ئەفغانییانە ، وەك پارتی ئیسلامی بەسەرکردایەتیی گوڵبەدین حیکمەتیارو بزووتنەوەی تالیبان بەسەرکردایەتیی مەلا عومەر بوون بەچەتری پاراستنی ئەو عەرەبە ئەفغانانە.

٦- شارەزایی‌و توانای پێشووی گرووپ‌و دەستە ئیسلامییە توندوتیژەکان لەجیهاددا، لەسەر توانای لەمەودوای عەرەبە ئەفغانەکان رەنگیدایەوە، کە ئەم شارەزاییەش خۆی لەپێنج خاڵدا دەبینێتەوە:

یەکەم: ئامادەکردنی "موجاهیدانی پێشڕەو"، یان کادیری جەنگاوەری خاوەن بەهرەو توانای بەرز.

دووەم: پەیدا کردنی توانای نەخشەکێشان‌و کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ئامانجەکان‌و مەیدانی پرۆسەکان‌و توخمە جێگیرو گۆڕاوەکان‌و پەیداکردنی توانای بەدواداچوونی ئامانجەکان.

سێیەم: گەشەپێدانی توانا ناوخۆیی‌و دەرەکییەکانی پێوەندیکردن.

چوارەم: گەشەپێدانی سیستمی توندی ئاسایشی رێکخراوەیی‌و بەیەکەوە گرێدانەوەی سەرکردایەتی لەنێوخۆو دەرەوەدا.

پێنجەم: خستنەکاری کادیری جیهادیی پێشڕەوی مەشقپێکراو لەئەفغانستان‌و ناردنی بۆ نێو ئەو وڵاتەی جێگەی مەبەستە، چ بۆ سەرکردایەتیکردنی هەندێ پرۆسە بێت، یان بەشداریکردن لەتەك چەند توخمێکی دیکەدا لەو پرۆسانە.

٧- هەموو ئەو موجاهیدە عەرەبانەی بەشدارییان لەجیهادی ئەفغانیدا کردووە دەچنە خانەی دیاردەی عەرەبە ئەفغانەکان. زۆر لەموجاهیدە عەرەبەکانی بەشدار لەجەنگی دژی سۆڤێت بۆ وڵاتەکانی خۆیان گەڕانەوەو خۆیان لەگەڵ ژیانی سیاسیی وڵاتدا گونجاند.

٨- سەرکردەکانی بزاڤە ئیسلامییە توندوتیژخوازەکان کە ماوەیەك لەئەفغانستان ماونەتەوە، ئەوانیش دەچنە خانەی عەرەبە ئەفغانەکانەوە. زۆر لەخۆبەخشە عەرەبەکان ئەگەر بەشدارییان لەشەڕیشدا نەکردبێ بەعەرەبە ئەفغانەکان حسێبن، چونکە بوونیان لەئەفغانستان بووە هۆی ئەوەی بڕوای بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ گۆڕینی حکومەتەکانی وڵاتانی خۆیانو بەگژداچوونەوەی هێزەکانی کوفری جیهانی (بەپێی بۆچوونی ئەوان) لەلایان دروست ببێت.

- ئەم بابەتە لەنووسینێکی (د. نشأت حامد عبدالماجد) مامۆستای زانستە سیاسیەکان لەهەردوو زانکۆی لەندەنو قاهیرە، بەناونیشانی (الأفغان العرب.. محاولة للتعريف. ما المقصود بالأفغان العرب)ەوە ئامادەکراوە، کە لە ٢٠٠١/١٠/٧ دا نووسیویەتی.

# حەیدەر عەباس ئەلشممەری لەنێو گروپی (پشتیوانانی ئیسلام- پاك)دا ناسراو بەعەبدولڕەحمان ئەلشممەری: ئەبو وائل عەقیدە لەدەزگای موخابەراتی عیراقو بەرپرسی راستەوخۆم بووە لەموخابەراتدا

**چاوپێکەوتنی: ئەحمەد ئەمین**

لەسەرەتای مانگی ئاداردا( ٢٠٠٣) پەیامنێری رۆژنامەی "الرأي العام"ی کوێتی (ئەحمەد ئەمین) لەنێو بەندیخانەی ئاسایشی گشتی لەشاری سلێمانی چاوی بە"حەیدەر عەباس ئەلشممەری" کەوت کە لەنێو گروپی (پشتیوانانی ئیسلام)دا بە"عەبدولڕەحمان ئەلشممەری" ناسراوە. ئەحمەد ئەمین چاوپێکەوتنەکەی لەژمارە (٢٤٩٨)ی رۆژی ٢٠٠٣/٣/١٢ ی رۆژنامەکەدا بلاوکردۆتەوەو تیایدا باس لەوە دەکا کەناوبراو عەرەبەو بەمەزهەب سوننەیەو لەعەشیرەتی "ئەلشممەر"ە، لەگەڵ کەسوکارەکەیدا لەبەغدا دانیشتوون. ئەندامێکی دەزگای موخابەراتی عیراق بووە بەپلەی مولازمو تا ئەو کاتەی لەلایەن دەزگای ئاسایشی

هـەرێمی کوردسـتان لەناوچـەی چەمچـەماڵ گـیراوە، ئـەرکی بەسـتنەوەی پێوەندییـەکانی نێـوان دەزگـای موخابـەراتی عـیراق‌و پشـتیوانانی ئیسلام لەکوردستان (پاك)ی راپەڕاندووە.

ئــەم ئەفســەرەی موخابــەراتی عــیراق کەئێســتا لەبەندیخانەدایــە، لەدیدارێکـدا لەگـەڵ رۆژنامــەی "الــرأي العــام" راشـکاوانە گـەڵێ لـەو راسـتییانەی درکانـدووە کـە پێوەندییـەکانی نێـوان حکومـەتی عـیراق‌و رێکخراوی (ئەلقاعیدە)و گروپی تونـدڕەوی (پشـتیوانانی ئیسلام) ئاشکرا دەکەن‌و هاوکاری‌و هاریکاریی نێوان ئەو سێکوچکەیە دەردەخەن.

ئـەم مولازمـەی موخابـەراتی عـیراق ئێسـتا هەسـت بەپەشـیمانی دەکـا بەرامبەر بەو تاوانانەی کردوونی‌و ئومێدی هەیە حکومەتی نـوێی عـیراق لێی ببورێ‌و لەهەمان کاتدا دەڵێ ڤێزیش لەو لایەنە ناکاتەوە کە لەوانەیە حوکمی ئیعدامی لەدژدا دەربکات، چونکە خـۆی بەشایسـتەی ئـەو حوکمـە دەزانـێ، هـەروەها پـێ لەسـەر ئـەوە دادەگـرێ کـەرژێمی عـیراق برسـێتی‌و نــەبوونیی گـەلی عیراقـی لـەپێناوی بەجێگەیانـدنی مەرامـە گڵاوەکـانی قۆسـتۆتەوە. ئــەو یــەکێك بــووە لەوانــەی بوونەتــە قوربــانیی ئــەو قۆسـتنەوەیە، بۆیـە لـەو بڕوایەدایـە ئـەو دەزگـا دادوەرییانـەی لـەعیراقی نوێدا پێك دەهێنرێن ئەو مەسەلانە لەبەر چاو دەگرن:

⋆ دەزگای موخابەرات چـۆن رێگـەیان پێـدای ژنێکـی کـورد بهێنـی؟ ئایـا ئــەو ژنهێنانــە بــەپێی نەخشــەیەکی دارێــژراو بــوو لــەپێناوی ئــەوەی ئاسانکاریت بۆ بکا لەکوردستانی عیراقدا جێی خۆت بکەیتەوە؟

- نـەخێر. ژنهێنانەکـەم بەشـێوەیەکی عەشـایەری بەڕێوەچـوو، بـەڵام دەزگـای موخابـەرات وەك نـەریتی خۆیـان داوای زانیـاریی تـەواویان کـرد لــەبارەی ژنەکــەوە. لەســەرەتای هەشــتاکاندا ئەفســەری موخابــەرات، لەنەتەوەی عەرەب، بۆی نەبوو لەدەرەوەی ئەو نەتەوەیە ژن بهێنێ، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئەم مەسەلەیە وەك جاران نەمابوو.

⋆ بڕوانامەی زانکۆییت چییە؟

- بڕوانامـەی زانکـۆم نییـە. پـاش دەرچـوونم لـەپۆلی یەکـەمی ناوەنـدی لەدەزگای موخابەرات بە خۆبـەخش (تطـوع) وەرگـیرام، پلـەی مـولازمیش کەئێسـتا هەمـە بـەهۆی ئازایەتییـەوە، وەك مـەدالیای ئازایـەتی (مکرمـە شجاعە) وەرمگرت.

⋆ ئەو ئازایەتییە چی بوو کە لەو ئەرکەدا نواندت؟

- ئیشەکەمان لەپێگە جەنگییەکان "المنشآت الحربیة" بوو، کە لەساڵانی هەشــتاکاندا ســەر بــەدەزگای ئــەمنی تایبــەت بــوو، بــەر پرســەکەشمان ((حوسـێن کامیـل))ی زاوای سـەدام بـوو، کـە پاشـان لەگـەڵ ئەنـدامانی خێزانەکەیـدا لەسەردەسـتی پیاوەکـانی سـەرۆکی عـیراق، لەسـزای بەجێهێشـتنی عـیراق بەمەبەسـتی پەناهەنـدەییو بـوون بەئۆپۆزیسـێون، لەناو عیراقدا کوژرا. تـوانیم تۆڕێـك ئاشـکرا بکـەم کەئەندامـەکانی سـەر بەبزووتنـەوەی ئیسـلامی لەکوردسـتان- عـیراق بـوونو لەگـەڵ وڵاتێکـی بیانیـدا هاوکـاربوونو پرۆسـەی تەقاندنـەوەی گەنجینەیـەکی موشـەکیان ئەنجامدابوو.

* ژمارەی ئەو کەسانە چەند بوو کە تۆ بەشداریت لەگرتنیاندا کرد؟

-نزیکەی (١٠٠) کەس. پرۆسەکە گەورە بوو، تەقینەوەیەکی گەورەی لێکەوتەوە.

* تەقینەوەکە لەکوێ بوو؟

- لەپرۆژەی (٧٢٨)، کەپرۆژەیەکی فەرەنسیی تایبەت بە بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاییەو دەکەوێتە ناوچەی جزیرە لەنزیك دەریاچەی (رەزازە)ی رۆژئاوا.

* ئایا دوای تەقینەوەکە پرۆژەکە لە ئیش کەوت؟

- ئیشکردن لەپرۆژەکەدا تاساڵی ١٩٩٦ کە من ئەو کارگەیەم بەجێهێشت، بەردەوام بوو.

* ئەو موشەکانە چ جۆرێك بوون کە بەکەرەستەی کیمیایی پڕدەکران؟

- موشەكو بۆمبی تۆپهاوێژی هاوەن.

* ئەو کەرەستانە چ جۆرێك بوون؟ ئایا کارگەکە چەکی بایۆلۆجی بەرهەمهێناوە؟

- نەخێر، چەکی بایۆلۆجی بەرهەمنەهێناوە. هەروەها من بەتەواوی جۆری ئەو چەکە کیمیاییانەش نازانم کە بەرهەمهێنراون، چونکە من لەبەشی دەرەوەی موشەکەکانو بۆمبەکاندا ئیشم دەکردو بەشەکەی ئێمە پێوەندیی بەپڕکردنی موشەکەکان یان پێکهاتەی کەرەستە کیمیاییەکانەوە نەبوو.

★ باسی گەشتی خۆتمان لەگەڵ ((پشتیوانانی ئیسلام))دا بۆ بکە. چۆن لەدەزگای موخابەرات تۆیان وەك ئەفسەری پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە توندڕەوە هەڵبژارد؟

-ڕاستییەکەی دەزگای موخابەراتی عیراق لەساڵی (١٩٩٦)ەوە لەمەسەلەی جوندولئیسلام (جند الاسلام) یان پشتیوانانی ئیسلام (أنصار الاسلام)دا ئیش دەکاتو لەساڵی (٢٠٠١)دا سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەوەی دەستێکی باڵای لەنێو ئەو گروپەدا پەیداکرد. لەناوەڕاستی نەوەتەکانیشەوە پەیوەندییەکی بەردەوام لەنێوان دەزگای موخابەراتو ئوسامە بن لادندا، کە ئەوکات لەسودان نیشتەجێبوو، هەبووەو پەیوەندییەکە لەرێگەی ئەبو وائیل عەقیدی موخابەرات (سەعدون مەحمود ئەلعانی)بووە کە بەرپرسی ڕاستەوخۆم بووە. ئەم پەیوەندییە تا ڕۆیشتنی ئوسامە بن لادن بەفڕۆکە لە(خەرتوم)ی سودانەوە بۆ ئەفغانستان بەردەوام بوو.

ئامانجی سەرەکیی ئەم جوڵانەوانەی دەزگای موخابەرات دروستکردنی گروپێکی ئیسلامی بوو کە بتوانێ ئاسایشو ئارامی لەکوردستان بشڵەژێنێو گورزی گەورە لەیەکێتیو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەناوچەکە بدات.

★ تۆ دەڵێی سەعدون عەقیدە لەموخابەراتی عیراق، کەچی مەلا کرێکار لەلێدوانە ڕۆژنامەوانییەکانیدا لەنەرویج بەپیاوێکی دینداری موجاهیدو شێخێکی زاهید ناوی دەبات؟

- ئەمە راست نییە. سەعدون عەقیدە لەدەزگای موخابەراتی عیراقو خەڵکی بەغدایە. پاشان بەرپرسی راستەوخۆشم بووە لەدەزگای موخابەراتداو سێ جار سەردانی ئەفغانستانی کردووە بۆ تەدارەك وەرگرتن سەبارەت بەدروستکردنی گروپێکی ئیسلامی لەکوردستانی عیراقو دروستکردنی جوندولئیسلام (جند الاسلام: سەربازانی ئیسلام)و پاشان پشتیوانانی ئیسلام (أنصار الاسلام) بەرەزامەندیی خودی بن لادن بووە، ئەو کۆبوونەوەیەش کە لەئەفغانستان کرا بەئامادەبوونی (ئەبو وائیل)و دووسەرکردەی ئیسلامیی کورد بووە کە کاکە (ئاسۆ)و کاکە (عەلی وەلی)ن. ئەوەی کرا هەمووی بەسەرپەرشتی موخابەرات بووەو هەموو وردەکارییەکانیش دەدران بەدەزگای موخابەرات. موخابەراتی عیراق دوای رووداوەکانی سێپتێمبەر سەرکەوتنی بەدەستهێنا لەدەربازکردنی ئەفغانە عەرەبەکان لەئەفغانستانو هێنانیان بۆ ناوچەی بیارە.

★ ئەو رۆڵەی کەدەزگای موخابەراتی عیراق لە(پشتیوانانی ئیسلام)ی دەویست چی بوو؟

- موخابەرات دوو تەوەری سەرەکی بۆ پشتیوانان دانا، یەکەمیان پەیوەستە بەبزاڤی ناوخۆیی.

پشتیوانان داوایان لێکرا چاودێریی دەستەو وەفدە بییانییەکان، بەتایبەت ئەمریکییەکان، بکەن کە بۆ دیدار لەگەڵ سەرکردە کوردەکان دەگەنە هەرێمی کوردستان.

تــەوەری دووەم تــەوەری دەرەکییــەو پەیوەســتە بەچــاودێریکردنی باڵیۆزخانە ئەمریکیەکانو هەروەها چاودێریکردنی هێزەکانی ئەمریکا کە لەتورکیا جێگیرن، ئەمەش لەرێگەی هاوکاریی پشتیوانان لەگەڵ گروپێکی تـورکی تونـدڕەو کـە(گروپـی خەلافـەتی ئیسـلامی)ی نـاوە. پشـتیوانانی ئیسلام جێگەی بۆ ئەم گروپـە لـەخاکی عیراقـدا کـردەوەو پـارەو چـەکیان دانێ تا لەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی پشتیوانانەوە ئاودیوی خـاکی تورکیـا بـبن بـۆ چـاودێریکردنی هێزەکـانی ئـەمریکاو هـەوڵی لێـدانیانو لێـدانی هەندێ لەبەرپرسەکانی تورك.

★ ئــەو تــۆڕەی بەشــداریت لەئاشــکراکردنیانو گرتنیانــدا هــەبوو، چارەنووسیان بەچی گەیشت؟

-چارەنووسـەکە روونـە. هـەموو ئەمانـە برانـە بەندیخانـەکانی دەزگـای ئــەمنی تایبــەتو ئــەو چارەنووســەی چــاوەڕێی دەکــردن لای هــەمووان زانراوە.

★ ئایا هەست بەپەشیمانیو خۆ خواردنەوە ناکـەیت لەسـۆنگەی ئـەوەی بەشداریت لەفەوتاندنی دەیان کەس کردووە؟

- وەك نەریتێك کە کەسانێك دەفەوتێندرێن مرۆڤ هەست بەپەشـیمانی دەکات. منیش زۆر پەشیمان بووم لەو ساڵانەی لەخزمەتی رژێمدا بەسەرم برد. لەزۆر شت پەشیمان بوومو مـرۆڤ دەبـێ سـوود لەهەڵـەکانی رابـردوو وەربگـرێ. مـن هەسـت دەکـەم ئـەو هەڵەیـەی کردوومـە زۆر گـران لەسـەر تەمەنم کەوتووە، چونکە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە ترسناكو بەربڵاوانـە بـۆ

پیــاوێکی تەمـــەن ســی ســاڵ زۆرە. هەنــدێ لەخەســڵەتی خــۆم وەك زیرەکایەتیو شتی تر خستبووە خزمەتی ئەو ڕێگایە، بەڵام ئێستا هەست بــەداخێکی زۆرو ئارەزوویــەکی زۆر بــۆ ســوود وەرگــرتن لەئەزمونــەکانی رابــردوو دەکـەم، بـۆ ئـەوەی ژیـانێکی تـازە بـۆ خـۆمو خێزانەکـەم دەست پێبکەم.

★ بەڵام پەشیمانییەکی درەنگوەختە. ئایا هەستت بەو کەلێنە فراوانەی نێــوان سروشــتی بــارودۆخی ئــەمنیو سیاســی لەبەغــداو ناوچــەکانی ژێردەسەڵاتی ئۆپۆزیسێونی کورد نەکرد، ئایا ئـەو ساتەوەختانە بەخۆتـدا نەچوویتەوە؟

- هەر کە داخیلی کوردستان بووم هەستم بەوە کرد کە باست کرد، تەنانەت هەستم بەتامێکی دیکەی هەوا کرد. کوردستان یان بەغدا یان باشوور هەمووی یەك نیشتمانە، بەڵام چیبوو وای لێکردم ئەو هەستەم هەبێ؟ وڵاتی (المواطن)ی کورد بوو کە بەجوامێریو دڵفراوانییەکەی وای لێکردم ئەو هەستەم هەبێ، سەرەڕای ئەو ئازادییانەی کە هەرگیز لەژێر دەســەڵاتی حــوکمڕانیی بەغــدادا هەســتی پــێ ناکــەین. بــەڵام گرفتەکــە لەوەدابوو کە من فشارم لەسەربوو. دەزگای موخابەرات زیاتر لەجارێك ئاگــاداری کردبوومـــەوە لەهــەر خۆدزینــەوە یــان کەمتەرخەمییــەك لەجێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی خرابوونە ئەستۆم یان ڕەتکردنەوەیان. ئەفسەرە بەرپرسەکانم پێیان گوتم دەتوانم دەزگاکە بەجێ بهێڵمو رابکەم، بەڵام ئەمە مانای لەناوچوونی هەموو ئەندامانی خێزانەکەمە، جگەلەوەی

ئەو ئەفسەری زانیارییەی کە لە نێوان منو بەغدادابوو بەرلەوەی من ببم بە ئەڵقەی پێوەنـدی لـەنێوان (ئـەبو وائیـل)و (بەغـدا)دا، زۆر بـەوردی چاودێریی دەکردمو هەموو وردەکارییەکانی هەڵسوکەوتمی بەتێبینی بۆم رەوان دەکـرد. کاتێـك کـە خـوا کـوڕێکی دامـێ هەسـتکردنم بەدڵـەڕاوکێو هەست بـەگوناهکردنمو رەنگـە هەنـدێ جـار رق لەخۆبوونـەوەش زیـادی کـردو مێشـکم زۆر هـیلاك بـوو، چـاوەڕێم دەکـرد ئێسـتا نـا سـاتێکی تـر بگیرێم، تەنانەت وای بۆ دەچووم کـە گرتنەکـەم رادەیـەك بـۆ ئازارەکـانمو کێشە دەروونییەکانم دادەنێ. هەر ئەوەش بەکردەوە روویدا.

★ بابگەڕێینەوە بۆ گەشتەکەت لەگەڵ (پشتیوانانی ئیسلام)دا؟

- پاش ئەوەی گروپی (پشتیوانان) دروستکرا موخابەراتی عیراق دەستی کرد بەدانانی نەخشە بۆ راگەیاندنی جەنگ لەلایەن ئەو گروپـەوە لـەدژی یـەکێتی نیشـتمانی، چـونکە موخابـەرات لـەو بڕوایـەدابوو شـڵەژاندنی بـارودۆخ لەکوردسـتاندا زۆر خزمـەتی حکومـەتی عـیراق دەکـات، چـونکە حکومەتی بەغدا خۆی ناتوانێ ئەو نەخشەیە جێبـەجێ بکـات، ئەگەرچـی پێشتر لەساڵی ١٩٩٦دا بەختی خۆی تاقیکردەوە، بـەڵام حکومـەتی ئـەمریکا ناچـاری کـرد لـەخاکی کـورد بکشـێتەوە، بۆیـە بریاریـدا سـوود لەبـەکرێگیراوان، واتـە ((پشـتیوانانی ئیسـلام)) وەربگـرێ. ئیـدی فـەرمانی پێـدەدانو ئـەوانیش جێبـەجێیان دەکـرد. بـا ئەوەشـت پـێ بڵـێم جـەنگ لەدژی ئەفغانسـتان، سـەرەڕای ئـەوەی زیـانی بەحکومـەتی عـیراق گەیانـد، بـەڵام زۆریـش خزمـەتی کـرد، چونکە وای کـرد رێکخـراوی قاعیـدە لێـی

نزيك بێتو لەسەر خاكی ئەودا جێگیر بێتو هانی ئەفغانە عەرەبەكانیدا كە رابكەن بۆ عیراق لەپێناوی ئەوەی یارمەتیی جێبەجێكردنی نەخشەكانی لەدژی ئۆپۆزیسیۆنی كورد بدەن.

هەرچی ئەو ئەركەیە كەخرابووە ئەستۆی منو (ئەبو وائیل)ی بەرپرسم، ئەوەبوو كە من ببم بەئەفسەری زانیاری لەنێوان پشتیوانانو دەزگای موخابەراتدا. لە ئەركی یەكەممدا كەخرایە ئەستۆمو بریتی بوو لەئاشكراكردنی ئەو تۆڕەی كە كارگەی (٧٢٨)ی موشەكیی تەقاندەوە، من لەجێگەی (ئەبو وائیل) بوومو ئەفسەرێكی زانیاریم لەگەڵدا بوو، بەڵام لەم ئەركەی دووەممدا دەزگای موخابەرات بەرپرسیاریی راستەوخۆی لەنێو گروپی (پشتیوانانی ئیسلام)دا خستە ئەستۆی ئەبو وائیل (عەقید سەعدون)و من بووم بەئەفسەری پەیوەندی، واتە ئەوەی پێی دەگوترێ ئەفسەری زانیاری.

ئەركی ئەبو وائیل هێنانی عەرەبە ئەفغانەكانبوو بۆ ناوچەی بیارەو ئاسانكاریی دروستكردنی خانوو و خەرجكردنی پارە بۆیان.

* ئەبو وائیل پاڵپشتی دارایی لەبەغداوە چۆن پێدەگەیشت؟

- موخابەراتی عیراق پارەی دەنارد بۆ چەند شانەیەكی نهێنیی سەر بە"پشتیوانانی ئیسلام" لەهەولێر، كە لەژێر پەردەی كاری بازرگانیدا خۆیان حەشارداوە، ئەو شانە نهێنییانەش پارەكەیان دەنارد بۆ (پشتیوانان). سەبارەت بەچەكیش، موخابەراتی عیراق لەرێگەی قاچاخەوە چەكی بۆ (پشتیوانان) دەنارد. چەكی دەگەیاندە شاری

خانـەقینو لـەوێوە بـەنهێنیی دەگوازرایـەوە بـۆ بنکـەکانی (پشـتیوانان).
سەرەڕای ئەو چەكو تەقەمەنییانەی موخابەرات بـۆ (پشـتیوانان)ی نـارد، لەرێگەی قاچاخەوە کەرەستەی کیمیاییشی بۆ ئەو گروپە نارد.

★ ئایا مەبەستت ئەوەیە "پشتیوانانی ئیسلام" ئێستا چەکی کیمیاییـان هەیە؟

- بەڵێ کەرەستەی کیمیاییان هەیەو خراونەتە نێو بۆمبی هاوەنەوە.

★ ماوەی چەند لەبیارە بووی؟

- بـــەر لەراگەیانـــدنی دروســـتبوونی (پشـــتیوانان) ســـەردانێکی بەســەرکردنەوەی ناوچــەکەم کــرد، پــاش راگەیانــدنی گروپەکــەش بــۆ دووەمــین جـار سـەردانی ناوچـەکەم کـرد. ئـەوکات ئـاگر بڕێـك لـەنێوان (پشتیوانان)و (یەکێتی نشتمانی)دا هەبوو. ئەو کاتە (ئەبو وائیل) ناردمی بۆ دەزگای موخابەرات لەبەغـداو زەحمەتییـەکی زۆرم لەهاتوچۆی نێـوان بەغداو ناوچەی بیارەی بنکەی (پشتیوانانی ئیسلام)دا دەبینی.

★ بـەو پێیـەی تـۆ ئەفسـەرێکی لـەدەزگای موخابـەراتی عـیراق، ئـەوە پشتڕاست دەکەیتەوە کە سەربازگەی رێکخراوی قاعیدە لەبەغدا هەیە؟

- بـەڵێ. سـەربازگەیەك لەناوچـەی سـەلمان پـاك هەیـە. ئەنـدامانی ئـەو سـەربازگەیە ریشـی چـەناگەیان درێـژەو بـەردەوام (سـیواك) یـان پێیـەو پانتۆڵیـان کورتـە. ئەوانــە بــەناوی ئەنــدامانی دەســتەی فریــاگوزاری دەگەیشــتنە بەغــدا. دەزگــای موخابــەرات چــاودێریی دەکــردنو ئــەو ئەندامانەی قاعیدە کە نامەی تایبەتیان بـۆ دەزگـای موخابـەرات پـێ بـوو

دەیگواستنەوە بۆ سەربازگەی تایبەت. عەقید (ئەبو وائیل) خۆی لەبارەی ئەمانەوە قسەی بۆ کردوومو دەیگوت دەزگای موخابەرات لەدەرەوە فشاری لەسەرە بۆ ئامادەکردنی سەربازگە بۆیان لەنێو عیراقدا. ئەو سەربازگانە دوای جەنگ لەدژی ئەفغانستان ئامادەکرانو گەلێ لەئەندامانی قاعیدەی لەرەگەزی جیاجیا تیادا جێکرایەوە.

★ ژمارەی ئەمانە لەبەغدا بەچەندە مەزەندە دەکرێ؟

- ئەبو وائیل دڵنیای کردم کە(٢٥٠) تا (٣٠٠) کەس دەبن لەگەڵ خێزانەکانیان. حکومەتی عیراق جێگای بۆ خۆیانو کەسو کاریان دابین کردووە.

★ بەڵام مەلا کرێکار ئەبو وائیلو پشتیوانانی ئیسلام بەئیرهابی نازانێ؟

- ئەگەر مەلا کرێکار ناونانی ئەو شەڕانەی کە لەنێو دوو گروپی دژ بەیەکدا رووبەڕوو روودەدەن بەکاری ئیرهابی نەزانێ ئەوە راستە، چونکە ململانێیەکی سروشتییەو لەگەڵ ناوچەی جیهاندا روو دەدا، بەڵام من قسە لەسەر ئەوە دەکەم کەبینیومە. بۆ نموونە شەڕی خێڵی حەمە شەڕێکی ئاسایی نەبوو.

★ چی روویدا؟

- پشتیوانانی ئیسلام سەری ئەندامانی یەکێتی نیشتمانییان بڕیو جەستەیان ئەتك کردنو من خۆم بەچاوی خۆم بینیم چییان کرد. بۆیە

من به مەلا کرێکار دەڵێم ئەگەر کاری دزێو کارێکی ئیرهابی نەبێ ئەدی شێوەی ئیرهاب چۆنە؟

★ ئەبو وائیلو پشتیوانانی ئیسلام چۆن باسی رووداوەکانی سێپتێمبەریان دەکرد؟

- کە رووداوەکە بوو قسەم کرد لەگەڵ ئەبو وائیلو کەسێکی تر کرد، کە پێیدەگوترا (ئەبو زوبێر)و لەدەزگای موخابەراتی عیراقدا مولازمی یەکەمە و لێم پرسین کە چۆن سەرکردەکانی قاعیدە باس لەوە دەکەن کە بڕوایان بەشەریعەت هەیەو ئەم هەموو ژمارە زۆرەی خەڵکی مەدەنیی بێ تاوان لەیەکێك لەگەورەترین تاوەرەکانی دنیادا دەکوژن؟ چۆن ئەو گروپە بەو توانا سنووردارەیان توانیویانە ئەو کارە گەورەیە ئەنجام بدەن؟ پێمگوتن لەو بڕوایەدام ئەو رووداوە لەنەخشەکێشانو جێبەجێکردنی دەوڵەتێکە کەدوژمنی ولاتەیەکگرتووەکانە؟ لێرەدا (ئەبو وائیل) گوتی ئەو نزیکەی (٥) یان (٦) رۆژ بەر لەجێبەجێکردنی هێرشەکە وەفدێکی موخابەرات لەلایەن حکومەتی عیراقەوە سەردانی ئەفغانستانی کردووەو لەگەڵ بن لادن کۆبۆتەوەو بزووتنەوەی تالیبانیش ئاگای لەو سەردانە هەیە. هەروەها ئەبو وائیل گوتی ئەوە بزانە کەموخابەراتی عیراق دەستێکی بالای لە پلانەکانی پەیوەست بەپرۆسەکانی (١١)ی سێپتێمبەردا هەبووە.

★ لەقسەکەت ئەوەم بۆ دەردەکەوێ کە ئەنجامدەرانی ڕووداوەکانی (١١)ی سێپتێمبەر لەعیراقدا ڕاهێنانیان پێکراوە؟

- هەموو شتێك دەشێت. هیچ شتێك نییە مەحاڵ بێت. حوسێن کامیل هەموو جارێ گۆتەی مەحالیش دەبەزێنرێ "تباً للمستحیل"ی بۆمان دووبارە دەکردەوە.

★ تۆ چۆن باسی ڕووداوەکانی سێپتێمبەر دەکەی؟

- پرۆسەیەکی نامرۆڤانەیە، چونکە زۆربەی قوربانییەکانی مەدەنی بوونو ئامانجەکەی تەنیا تۆڵە سەندنەوە بوو. ئەوانەی لەپشت ئەو پرۆسانەوە بوون لەنێویاندا (بن لادن) کە قسە لەسەر ستەملێکراویی منداڵانی عیراق دەکەن کە چۆن لەئەنجامی ئابلۆقەدا دەمرن، هەر چۆنێکی بیانەوێ پاساو بۆ کارەکەیان بێننەوە کەس نییە ئەو کارەیان بەڕەوا بزانێ، چونکە لەسەریان بوو کاری باشتر بکەن، نەك خەڵکی بێ تاوان بکوژن. ئەوانە بەو کارەیان نزمتر دەرچوون لەئەمریکا کە تۆمەتباری دەکەن بەوەی ئابلۆقەی بەسەر عیراقدا سەپاندووە.

★ ئایا لەو ماوەیەی لەبیارە بووی ئەندامانی قاعیدەت بینی کەخەڵکی وڵاتانی کەنداو بن؟

- تەنیا سیانم بینی. دووانیان هی سعودیەو یەکێکیش هی یەمەن. کەسانی گرنگ بوون، کەناوەکانیان ئەمانەن (عەبدولقادر ئەلیەمەنی)و (عەبدولعەزیز ئەلسعودی)و (شێخ خەلیل ئەلسعودی). (عەبدولقادر ئەلیەمەنی) بەیەکێ لەو کەسانە دادەنرێ کە لەتەقاندنەوەی کەشتیی (کۆل)ی ئەمریکی لەیەمەن پشتی پێ بەستراوە.

★ ئەو هەڵوێستانە چین کەئەنجامت داونو بۆتە هۆی لەناوبردنی چەندین کەس؟

- دوو تۆڕی سەر بەدەوڵەتێکی بیانیم ئاشکرا کردوەو دوا ئەرکم ئیشکردن بوو لەگەڵ "پشتیوانانی ئیسلام"دا.

★ چۆن توانیت ئەو دوو تۆڕە ئاشکرا بکەیت؟

- پەیوەندیی دۆستایەتیم لەگەڵ تەحسین کوڕی مەلا عەلی عەبدولعەزیزی رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی پەیداکرد. تەحسین سەرۆکی ئەو دوو تۆڕە بوو و جێگرەکەی خۆی پێناساندمو منیش هەموو زانیارییەکانم دا بەبەغداو جێگرەکەی تەحسینیان گرتو ئەویش ئیعترافی لەسەر ئەو ئەندامانەی تۆڕەکە، کە لەبەغدا بوون، کرد.

★ تەحسین گومانی لێنەکردی؟

- نـەخێر، کارەکـان لەلایـەن دەزگـای موخابەراتـەوە بەباشـی ڕێکخـرا بـوون. مـن براکـەی خـۆمم پێناسـاندو پـاش ماوەیـەك کـارکردن لەگەڵیـدا بڕیاریـدا ڕەوانــەی بەغـدای بکـات. کـە ئەندامانی تۆڕەکە گیرانو کـەناڵی ئاسمـانیی عـیراق نیشـانیدان براکەشم لەنێو گیراوەکانـدا بـوو. بـەم شـێوەیە کڵاوەکـە چـووە سەری تەحسینو وایزانی منیش براکەمم لەدەستداوە.

★ براکەت پلەی چییە؟

- جێگری ئەفسەر (نائب زابت)ە لەگاردی کۆماریو مـن داوام کـرد پێوەنـدی بەمنــەوە بکـات بــەگوێرەی ئــەو نەخشــەیەی لەدەزگای موخابەرات لەبەغدا دامانڕشتبوو.

★ ئایا هیچ پرۆسەیەکت بۆ سەرۆکی ئـەو تـۆڕە (واتـە بـۆ تەحسین) لەبەغدا ئەنجامدا؟

- بـەڵێ گـەڵێ کـارم بـۆ ئەنجامـدا، بـەڵام هـەموویان وەهمـی بوون. واتە کەداوای لێدەکردم فڵان شوێنی بۆ بتەقێنمەوە مـن پێوەنــدیم بــەدەزگای موخابەراتــەوە دەکــردو ئــەوانیش شوێنەکەیان چۆڵ دەکردو بۆمبی دەنگییـان تێـدا دەتەقانـدەوە کەهیچ زیانێکی نییـەو پاشـان ڕۆژنامـە ناوخۆییـەکان لـەبارەی ڕووداوی تەقینەوەکــە دەیاننووســیو باســیان لەزیانــەکانیو قوربانییــەکانیو شــتیتر دەکــرد، بــەڵام ڕاســتیەکەی ئــەوەی

لەرۆژنامەکاندا دەنووسران راست نەبوون‌و جگە لەتـەدارەکێکی موخابەراتیی پێشتر نەخشە بۆ دارێـژراو شـتێکی تـر نـەبوون. بەم شێوەیە تەحسین زیاتر متمانەی پێکردم.

★ ئیـدی تەحسـین ناسـنامەی راسـتەقینەی تـۆی نـەزانی، تەنانەت پاش کارکردنت لەگەڵ (پشتیوانانی ئیسلام)یشدا؟

- هەڵبـەت. جگـە لەبەرپرسـی راسـتەوخۆم کەئـەبو وائیـل (عەقیـد سـەعدون) بـوو، کەسـی تـر ناسـنامەی راسـتەقینەمی نـــەدەزانی. پاشـــان پێوەنـــدیی تەحســـین بـــە(پشـــتیوانانی ئیسلام)ەوە وەك پێوەندیی باوك‌و کوڕ وایە.

★ چۆن گیرای؟

- یـەکێك لەئەنـدامانی پشـتیوانان زانیـاریی دابـوو بـەدەزگای ئاسایشـــی ســـەر بـــە(یـــەکێتی)و وایزانیبـــوو کـــەمن یـــەکێکم لەسـەرکردەکانی (پشـتیوانان)و ناسـنامەی راسـتەقینەی منـی نـــەدەزانی. لـەکاتی گەڕانـــەوەم لـــەبیارە لەتـــەمموزی (٢٠٠٢)دا مەفرەزەیەکی ئاسایش لەنزیك شاری چەمچەماڵ گرتمیان.

★ سەرچاوە: رۆژنامەی (الرأي العام)ی کوێتی / ٢٠٠٣/٣/١٢ .

| ز | بلاوكراوەكان | نووسەرو وەرگێڕ | سالى چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگەى ميديا لەهەلبژاردنى سەرۆكايەتى ئەمريكادا، ژ. ز، (١٢) | رێبين حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جيهانگيرى، فاكتەرو گرفتەكانى ديموكراسى، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختيار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەيدابونى عەلمانيەت لەتوركياى عوسمانيدا، ژ. ز. (١٥) | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئيسلامو مۆديرنە، ئيسلام لەبەردەم ئەگەرى عەلمانيەتدا(ژ. ز. هۆشيارى (١٦) | نوسينى. محمد رەزا شالگونى وەرگێڕانى. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سياسەتى روسياى قەيسەرى بەرامبەر بەكورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستيار كەمال كوردى | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركـاتهم القومية | عبـــدالرزاق محمـــود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | كورته باسێكی<br>فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>كارزان كاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی كوردستانی عیراق | ئامادەكردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | نوسینی.<br>مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. كوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علی | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووســی كــوردی لــە كوردســتانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵـــەت خەســـرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاســەتی گــۆڕینی رووخســاری نەتــەوەیی ناوچەی كەركوك - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەكوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایكڵ لیزنبێرگ<br>و. كارزان محەمەد | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور — ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاریخیة وسیاسیة حول "الشعب الکردي" | تالیف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القیسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. ڕێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مـــۆدێلی حزبایـــەتی لەکوردســـــتان. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمـــان حەســـەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاین‌و سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠١ | ديموكراسى‌و بنەماكانى گەشەپێدانى سياسى | د. حەميد حسين كازم و. عادل عەلى | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم (ملا بختيار) ترجمة ومراجعة: د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەركەكانى خەبات لەهەلومەرجێكى دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | كێشەى شيعەو سوننە كورتەباسێكى مێژوويى | نوسينى. د. عەلى ئەلوەردى و. عارف كەريم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەى سياسى ئەريستۆتێليس | ئەمير حسێن رەحيم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جيهانگيرى‌و كاريگەرى لەسەر سەروەرى دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشدارى سياسى، چەمك‌و گرفتەكان | عادل عەلى | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | رێكخراوى سۆسياليست (S.I) ئينتەرناسيۆنال | محەمەد مێرگە سۆرى | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پۆلێنكردنى هەڵوێستەكان پێش پرۆسەى هەڵبژاردن‌و دەنگدان، ز. هۆشيارى، ژ(٣٢) | نياز سەعيد عەلى | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبیو نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | و. لەسویدیەوە عوسمان حەمە رەشید گوروون | ٢٠١١ |
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبية في سنجار حتى بدرة | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري، ز. هۆشیاری، ژ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | کوردو تورکمان، تێڕوانینێک بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٤١٥ | عەلمانیەت چیە؟ ماناو پێناسەکانی، ز. ژ(٣٥) | زاهیر شکوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیکری حەسەن بەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٧ | شێوەکانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١٨ | تعريف الانفال بالإبادة الجماعية، ژ. ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٩ | پێـــنج لێكۆڵینـــەوە لـــەبواری سیاســـەتی نێودەوڵەتاندا | مســـــتەفا ئیـــــبراهیم دەروێش | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | پرۆگـــرام و پـــەیڕەوێ نـــاڤخۆ پەســـەندكریێ سێیەمین كۆنگرێ (ی. ن. ك) | مەڵبەنـــــــدی (٤)ی رێكخستنی دهۆك بەشی روناكبیری | ٢٠١١ |
| ٤٢١ | ئاڵا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٤٢٢ | تاریخ التبشیر المسیحی فی كردستان | الدكتور فرست مرعي | ٢٠١١ |
| ٤٢٣ | قـــراءة في مفهـــوم التحـــديث والتنميـــة السياسية، ز. هۆشیاری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادي | ٢٠١١ |
| ٤٢٤ | كاریگـــەری قـــەرزە گشـــتیەكانی ئـــەمریكا لەســـەر ئـــابووری ئـــەمریكاو جیهـــان، ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤێستا (روسی – كوردی) | ئامادەكردنی: د. نەهرۆ عەلی ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |
| ٤٢٦ | كوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد كوردە | ٢٠١١ |
| ٤٢٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |
| ٤٢٨ | كورد لەسوریاو ئازەربایجانو ئەرمەنســتان/ ز. نامیلكـــەی كـــورد لەمیـــدیای جیهانیـــدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمایەر ل. یالچین هێگمان و. رێبـــــوار تۆفیـــــق بەنگینە | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٢٩ | ئەرکەکانی قۆناغی نوێ<br>لەچاوپێکەوتنێکی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا | ئامادەکردنی:<br>حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |
| ٤٣٠ | المشـاريع الـتي قـدمها الاتحـاد الـوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم<br>فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | المحكمة الجنائية العراقية العليـا دراسـة في مبادىء العدالة | محمد رشيد حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | دور محكمة العدل الدولية في تطوير القـانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٣ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | کوردانی سوريا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسيدا | نێليدا فۆکارۆ<br>و. لەئەڵمانيەوە:<br>هەڵۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ئاڵوگۆڕە سياسيەکانو هاوکێشە نوێيەکان | چاوپێکەوتن لەگەڵ<br>هەڤاڵ مەلا بەختيار | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | هەڵبژاردەکان | شاسوار جەلال (ئارام) | ٢٠١٢ |
| ٤٣٧ | كردستان ككيان ضمن الخطـة الدوليـة بـدءً من جنوبها | المحامي:<br>شيخ سالار الحفيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٨ | مەسـەلەی قڕکردنـی ئەرمـەن لەبـەردەم دادگادا | و. لەئەڵمانييەوە:<br>غسان نعسان<br>و. لەعەرەبييەوە:<br>حەسەن جاف | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٣٩ | ئێزیدییەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٠ | کۆچ هەڵێبژاردم | ئیسماعیل عوسمان و ماتیاس شیلین و حەکیم کاکە وەیس | ٢٠١٢ |
| ٤٤١ | کێشەکانی هزری ئاینی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٢ |
| ٤٤٢ | پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا | بەرزان فەرەج | ٢٠١٢ |
| ٤٤٣ | دیموکراسیو دوژمنانی ئیسلامی میانڕەو لەروانگەی مەلا بەختیارەوە | سردار عبدالکریم مجید | ٢٠١٢ |
| ٤٤٤ | دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنەتەدا، ز. هۆشیاری ، ژمارە (٤١) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٤٤٥ | ئینتەرناسیۆنالیزمی دینیو دیاردەی فرە نەتەوەیی، ز. هۆشیاری، ژمارە (٤٢) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٤٦ | مێژوی نەوتی کەرکوك | فەرهاد حەمزە | ٢٠١٢ |
| ٤٤٧ | باشوری سودان، ز. هۆشیاری ، ژمارە (٤٣) | شادمان مەلا حەسەن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٨ | الدیمقراطیة دراسة فکریة سیاسیة، ز. هۆشیاری، ژ(٤٤) | عبدالرحمن کریم درویش | ٢٠١٢ |
| ٤٤٩ | الاکراد والدیمقراطیة والاندماج، ز. هۆشیاری، ژ(٤٥) | فرید اسسرد | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٥٠ | زمانی کوردی لەدەستورەکانی عیراقدا، ز. هۆشیاری، ژ(٤٦) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٥١ | رۆڵی ژنان لەپەرەپێدانی کاری رێکخراوەییدا (ی. ن. ك) وەك نمونە. ز. هۆشیاری، ژ(٤٧) | جەمیلە شێخ مەحمود<br>شلێر رەشید<br>نیگار عومەر | ٢٠١٢ |
| ٤٥٢ | ئارامو رۆڵی لەبزووتنەوەی سیاسیدا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٥٣ | چەپکە گوڵ: قەفتەیەك ژ سەروەریو هەلۆستێن ئێکەتی نیشتمانی کوردستان، زنجیرە هۆشیاری، ژ. (٤٩) | قادر حەسەن عیدۆ | ٢٠١٢ |
| ٤٥٤ | توماس هوبزو فلسفته السياسية | احسان عبدالهادي النائب | ٢٠١٢ |
| ٤٥٥ | حزب و رێکخراوە سیاسییەکان | محمد فاتيح | ٢٠١٢ |
| ٤٥٦ | المركز القانوني للمواطن وضماناته | دريڤان عبدالقادر بكر | ٢٠١٢ |
| ٤٥٧ | ئەمنی ستراتیجی عیراقو سێ کوچکەی بەعسیان | ئەمین قادر مینە | ٢٠١٢ |
| ٤٥٨ | پرۆیسترۆیکا بن لادنو مۆنیکا | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٥٩ | دۆزی کورد لەنەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا | دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٠ | دەوڵەتی عوسمانیو عەشیرەتە کوردەکان لەکوردستانی باشور | خالد محمود كريم | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٦١ | دۆزی کورد لەبەردەم رای گشتی عەرەبدا (کۆمەڵە وتار)، ز. نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە (٤) | وەرگێرانی: رەسوڵ ئیبراهیم | ٢٠١٢ |
| ٤٦٢ | فەلسەفەو لاهوت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا | د. حەمید عەزیز | ٢٠١٢ |
| ٤٦٣ | الجريمة المنسية حول الانفال وجرائم الابادة الجماعية في كردستان | نجم الدين فقي عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٦٤ | رۆژانی پێشمەرگایەتی | دارا محمد ياسين | ٢٠١٢ |
| ٤٦٥ | ئەتلەسی سیاسی هەرێمی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٦ | الدور الأمريكي في بناء الشعوب من المانيا إلى العراق | نظيرة اسماعيل ياري | ٢٠١٢ |
| ٤٦٧ | دەربارەی شێوەی ئاسایی بەرهەم هێنان لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٨ | دەروازەیەك بۆ زانستی سیاسەت | عابد خالید رەسوڵ | ٢٠١٢ |
| ٤٦٩ | کەلتور (ژمارە ٦) | | ٢٠١٢ |
| ٤٧٠ | دپلۆماتو دیپلۆماسی | بەهرۆز گەلاڵی | ٢٠١٢ |
| ٤٧١ | الدعائم الأساسية للدولة الفدرالية، نامیلکەی هۆشیاری، ژ(٥٠) | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٢ |
| ٤٧٢ | رۆڵی (ی. ن. ك) لەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان، نامیلکەی ژ(٥١) | ئەنوەر حسين | ٢٠١٢ |
| ٤٧٣ | دەروازەیەك بۆ ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان، نامیلکەی ژ(٥٢) | قادر حەمەجان | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٧٤ | النظم الأنتخابية ونظام انتخاب مجلس المحافظات العراق واقليم كردستان، نامیلکەی هۆشیاری، ژ(٥٣) | د. دەرباز محمد | ٢٠١٢ |
| ٤٧٥ | ئیدارەی کوردیو ئۆپۆزسیۆن، نامیلکەی هۆشیاری (٥٤) | حەمە دۆستان | ٢٠١٢ |
| ٤٧٦ | المصالحة الوطنية بين التحدي والتحقيق، نامیلکەی هۆشیاری(٥٥) | د. اسماعيل نامق | ٢٠١٢ |
| ٤٧٧ | الطالباني وجائزة نوبل للسلام، نامیلکەی هۆشیاری (٥٦) | يوناتا ديوخ موسى | ٢٠١٢ |
| ٤٧٨ | بەتایبەتیکردن وەك میتۆدێکی ریفۆرمی ئابوری، نامیلکەی هۆشیاری (٥٧) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |
| ٤٧٩ | ئیسلامو مۆدێرنێتەی سیاسی، نامیلکەی هۆشیاری(٥٨) | مۆریس بارییە | ٢٠١٢ |
| ٤٨٠ | (ی. ن. ك) پێناسەی حزبێکی سۆسیال دیموکرات، نامیلکەی هۆشیاری (٥٩) | نەجمەدین فەقێ عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٨١ | ملحوظات عامة ودروس مستنبطة من معارك الشمال في عام ١٩٦٤ | مديرية للتدريب العسكري بوزارة الدفاع العراقية | ٢٠١٢ |
| ٤٨٢ | بازرگانی چەك لەجیهاندا | نجم الدين فقى عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٨٣ | دستور جمهورية العراق | دلاور عثمان مجيد | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٨٤ | التعددية السياسية واثرها على السلطة التشريعية | محمد صابر كريم | ٢٠١٢ |
| ٤٨٥ | بنەماكانی زانستە سیاسیەكان | ن: د. عەبـــدولڕەحمان عالم<br>و: دلاوەر عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٨٦ | قەیرانی قەرزە سیادیەكانی ناوچەی یۆرۆ | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |
| ٤٨٧ | گەنـــدەڵی (هۆكـــار، كاریگـــەری، بەرەنگاربوونەوە) | حامد حاجی قادر | ٢٠١٢ |
| ٤٨٨ | الفساد والاصلاح | عماد صلاح عبدالرزاق | ٢٠١٢ |
| ٤٨٩ | ئـەو پرۆژانـەی كـە یـەكێتیی نیشـتمانیی كوردسـتان لەسـاڵی ١٩٨٤ دا پێشكەشـی حكومەتی عیراقی كردووە. | | ٢٠١٢ |
| ٤٩٠ | كۆسـرەت رەسـوڵ عـەلی لەپەرلـەمانی كوردستان<br>(١١/٤/١٩٩٣ ـ ٢٢/١٢/١٩٩٤) | ئامادەكردنی:<br>مەسعودی مەلا هەمزە | ٢٠١٢ |
| ٤٩١ | سـەفەری كوردایـەتی(بیرەوەرییـەكانی شاروشاخ)<br>١٩٧٤ - ١٩٨٠ | شاخەوان عەباس | ٢٠١٢ |
| ٤٩٢ | كەلتور ـ ژمارە (٧) | | ٢٠١٢ |
| ٤٩٣ | رەهەنـدەكانی بـیری سیاسـی كـورد پـاش جەنگی دووەمی جیهانی | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٩٤ | كۆمەڵگەو دەوڵەت | ن: باقر پرهام<br>و. سابیر مورادی<br>کەمال ئەمینی | ٢٠١٣ |
| ٤٩٥ | پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی (ی.ن.ك) بەمانی ئینگلیزی | وەرگێڕانی:<br>نظیرە اسماعیل یاری | ٢٠١٣ |
| ٤٩٦ | کوردو کێشەی نەتەوایەتی لەتورکیا، زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(٥) | ن. د. لوتفی ئەلعەموشی<br>و. عەتا قەرەداغی | ٢٠١٣ |

چاپ: چاپخانەی حەمدی